# بەتەنیشتمەوە

پێشکەشە:

# بە شـــیعر

ناوی کتێب: بە تەنیشت ژیانەوە

نووسەر: دڵزار حەسەن

بابەت: ...

نەخشەسازی: فەرهاد رحیم ماجد

چاپ: یەکەم 2019

تیراژ: 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان/حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (7 ) ساڵی 2019 پێدراوە.

نرخ: 3000 هەزار دینار

مۆبایل: 07504488547

وەک ئەم دوو دێڕە شیعرەی موتەنەبیم لێهاتوە، کە دەڵێت:

«من ئەو کەسەم،
کە کوێرەکان سەیری ئەدەبەکەم دەکەن،
کەڕەکانیش
گوێ لە وشەکانم دەگرن.»

ئەم پەرتوکە:

چرکاندنی وێنەیەکە، لەنێو دەقدا،

هێشتنەوەی جەمالیەتی نیگاکانە، لەنێو وشەدا،

بەماناکردنی بینینەکانە، لەنێو زومی دەربڕیندا.

زمان دزێکی گەورەیە ...

هەرچی کتێب و وشەی دونیا هەیە

هی منە؟!!!

# ژیان
# باکوزی

هەستدەکەم، ئەوەی دەمەوێ بینووسم، زوتر وەك کتێب، یان وەك کتێبخانەیەك لە ئاگاییم، لە مێشکم هەستمپێکردون، هەستم بە قوڵایی مانا و مەودای ماناکانی کردووە، هەستدەکەم زمان فیڵم لێدەکات، هەموو ئەو وشانەی ناو کتێبەکان هی منن، زمان لێی بردوم، وشە لێی سەندوم، من خاوەنی هەموو ئاوەزەکانم، هەموو روانگەکانم، من سەرداری بیر و هۆش و تێڕامانەکانم، هەستدەکەم کتێب هەناسەی منە، زمان گیانی منە و هۆش ڕۆحمە، لەوەتەی هەم لێم دەڕفێنن، لێم دەدزن، هەرچی مانای نێو ماناکان هەیە، لێم زەوتدەکەن. من

هەموو خەیاڵەکانی خۆم دەناسمەوە، هەستدەکەم جیهان دزێکی گەورەیە، رۆحی نێو مانای وشەکانیان هی منن و کتێبەکان لێیان بردووم، وشەکان ماناکانی بردووم.

من........ هەمووتان دەخوێنمەوە، تەنانەت ئەو کاغەزانەش دەخوێنمەوە، کە فرێدراون، لەحەرەمی نووسینی هەمووتان نزیک دەکەومەوە، دەفرم بۆناو خەیاڵتان، دەست لە بیرکردنەوەتان دەدەم، هەست بە بۆنی جیاوازیەکانتان دەکەم، کتێب نەمایە نەیخوێنمەوە، تەنانەت ئەو کۆمێنتانەش دەخوێنمەوە، کە دوای خۆتان لە دەرگای تەوالێتەکان دەیانووسن. دەزانم کێ شاعیرە و کێش شیعر دەنووسێت، ئەوانەی شاعیرن، شیعر دەیانووسێت، ئەوانەی شیعردەنووسن، شتی دیکە پێیان دەنووسێت. مەکری نووسینەکانتان باش دەناسم، سیحری قەڵەمەکانتانم لایە، باش باش دەتانناسم، دزیەکانتانم خۆشدەوێت، ئەشقی درۆکانتانم، هەزار جار سێکسم لەگەڵ پاڵەوانی نێو رۆمانەکانتانکردووە، دەستم بۆ گیانی هەموو کارەکتەرەکانتان بردووە، ماچی وشەکانتانم کردووە، لێوی دێر بە دێری شیعرەکانتانم مژیوە. کەیفم بە ترسنۆکیەکانتان دێت، کەیفم بەو هەموو ترسە دێت، کە لەباوەشی وشەکان راتانخستووە. پێکەنینم بە دڵخۆشی

وشـەکانتان دێـت، بێـزم لەمەسـتبوونتان دەبێتـەوە، دەرشـێمەوە کاتێک شیعر دەنووسن، هێڵنجم دێتێ، بە مێزەکانتان، قەڵس دەبم بـە جەنگەکانتـان. نیگەرانـی ئـەوەم کاتتـان هەیـە بۆ درۆ؟!! عەجەب بۆ ئـەو هەمـوو خـەوە، بێ ئەوەی خەوێـک بۆ ژیان ببینن. چ لـەو هەمـوو جنێوەتـان بکـەم، لەنـاو کتێـب حەشـارتان داوە. چ لـە لوغمـی بەرپێـی وشـەکانتان بکـەم، کـە بـۆ خوێنـەر داتاننـاوە. پێکەنینەکانتـان، تراژیدیـای ژیانتانـە. فرمێسکەکانیشـتان، کۆمێدیایەکـە بـۆ خـۆی. هەمووتـانم خوێندۆتـەوە، دەزانم چەنـد مـوو بەلەشـی کتێبەکانتانەوەیـە. دەمەوێـت هەمووتـان لەباوەشـبگرم، هەرچـی کتێبی هەتانـە بخەمـە باغـەڵم و وەك مۆزەخانـە هەڵتانگـرم.

ئێمـە دونیایـەك وشـەبوین، کەوتینـە باوەشـی زەوی، کۆمەڵێک قسەبووین، لەنێو دڵی باخێک رواین، چلێکە دارێک بووین، لەباوەشی هەتاو ماڵێکمان بۆ زمان سازاند. بیرمە باوکم کاتێـک خەیاڵـی شـەهوەت دەیـبردەوە، تیچاوێکـی لـە ژووری نووستن دەکردوو، بۆ ئەوەی بزەبخاتە دڵی دایکم، درەنگانی شەو، چرایەکی دادەگیرساند. شـەو خەنی خەنی زەوقی بەدیار چراوە دادەمرکایـەوە، بەدایکمـی دەگـوت: جوانیـت بـاش هەناسـەکەم، ئەمـە هەناسـەی ئیشـقێکی لێـوان لێـو بـوو لـە نـازی هەتـا و لـە مەکـری گوڵشـەن.

ئەم ماڵە بەدرەنگەوە بەئاگادێن، دەرگاکەیان حەیرانێکی درێژ درێژە، خەویان بۆتە سێبەرێکی رەنگ قەترانی، خەیاڵیان نەرم نەرم غلۆر دەبێتەوە باوەشی ژیان. ژیان لەم ماڵەدا لە کۆترێکی بێ لانە دەچێت، لە گریانێکی بێ فرمێسک و لێوێکی بێ ماچ دەچێت. ئەوان حەوت وشەبوون, حەوت دەنوك و حەوت تەپۆڵکە بەفری چاو کاڵبوون.

لە کوێوە دەست پێبکەم، لە کاتژمێرە خەوتووەکەی دەستی داپیرەم، یان لە کەوشە جێماوەکەی باوکم، ئێستاش هەوڵدەدەم لەوە بگەم، چۆن کاسکێتە شینەکەی سەری دایەم بەو هەموو قژە تەماویەوە، وابەجوانی رەنگ دەنەخشێنێت. سیحری ئەو هەموو نیگایەی خوشکە تاقانەکەشم بۆ ئەو دیوی پەنجەرەی ژوورەکەشمان چاك نیگەرانیکردووم، ئاخر چۆن نیگەران نەبم، بەحەوت کەسەوە بای ژوورێک ئومێدمان نەڕواندووە لەو ماڵە، بای دەرگایەك خەونمان نە ڕژاندۆتە دامێنی ژیانەوە، ئەوەندە حەزین ڕادەمێنین لەیەکتری، روخسارمان وەکوو حەوشەی ماڵەکەمانی لێهاتووە. ئێمە حەوت سەری بێ نیگابووین، حەوت نیگای بێدەنگ و حەوت زمانی بێ ئاوەزبووین، دەممان پڕی بوو لە وردە قسەی بێ تەماشا، لە بینینی لاتەریک، لە روانینی بێ هەنگاو. ئەو ڕۆژەم باش لەبیرە، باوکم بێدەنگیمانی

دەهەژاند، کۆچانەکەی دەستی باپیرەم لە گەنجێکی لاتریکی سەرەڕۆ دەچوو، مەراقی بەدەوری ژووری نووستنی دراوسێکەمان دەخولاندەوە و زەوقمانی تیر تیر لە ڕۆیشتن دەکرد. ئێمە کۆمەڵێک ڕەوەندی بێ ددان بووین، ڕاوی خولیاماندەکرد، بەدوای تروسکایی شەهوەت و ئەو قەهرخانانە دەگەڕاین، کە لێومانی بەلەتە ماچێک گۆڕی بۆوە، جەستەمانی وەك داری حیشمەت، خستبووە ژێر باڵی پەپولەیەك، هەناسەمانی سپارد، بەو کچانەی دوای شووکردن، مەست مەست بەدیار سکێچی درامایەك شەهوەتی نیگەرانی دەهۆننەوە.

نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم لە چاویلکە بێ حەوسەڵەکەی چاوەنواڕی، یان لە لەتەسێوەکەی ماڵی گوناە، ئای لەگوناە، چەند بە ئێمەوە جوانی.

لە ڕێگا دونیایەك پێڵاوم بینی،

تك تك ئارەقی ئومێدیان لێ دەتكا.

هاورێ ئەمە ئەو فارگۆنەی ژیانە، کە مرۆڤ دەباتەوە قوڵایی خەونەکان، دەیباتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون، دەتگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم وێستگە، یەکەم گومان، یەکەم پرسیار.

هاورێ منیش لە هاوینی هەمان ساڵ، بەهەمان فارگۆن، نیشتمانم جێهێشت. بیرمە لە بری نیشتمان دەفتەرێکی یاداشت و دوو کەوچک لە فرمێسکەکانی دایکم خستە دڵمەوە، بەسواری بوراق، ئەوبوراقەی سنوور ناناسێت، جگە لە هەناسەبڕکێی موسافیرەکانی، هیچ دەنگێکی دیکە نابیستێت، کۆچمکرد.

هاورێ دەیان وەرز لەمەوبەر، سواری هەمان فارگۆن بووم. بەتەنیشت ژیانەوە، سەرینم دڵشکاوترین بەردوو، جل و بەرگم پارچەیەك بوو لە تووڕەیی. لە لێواری ژیانەوە هەنگاوم دەنا، بەقەراغ تامەزرۆیی تێدەپەڕیم. ئارەزووم وەك کلۆ بەفرەکان دادەبارینە کەناری دەریای چارەنووس. جەستەم، ڕەنگی سەفەرو لێوم خەندەی ماڵئاواییان گرتبوو.

هاورێ لەم سەفەرە دونیایەك ڕێبواری بێ نیشتمانم بینی، ئاشنابووم بە دونیایەك قاچی ماندوو، هیلاك هیلاك دەتگوت مێژووی گشت جەنگەکانیان لەگۆڵناوە.

هاوڕێ ئێمە پۆلێک کۆتری باڵکراوی نێو هێلانەی چارەنووس بووین، قەدەر میواندرایکردین، بە قومێک ئاو لە نێو دەریای بەختدا. ئێمە پۆلێک باڵندەی دڵشکاوی نیشتمان بووین، ئێمە دڵنازترین موسافیربووین، جانتاکانمان پڕی بوو لە ماچی تەڕ، پڕی بوو لە غوربەت، پڕی بوو لە دایک. هاوڕێ لەنێو ئەم فارگۆنە دونیایەك دڵم بینی، ئیدی هەمیشە لەبیری وتەکەی زۆربا دابووم، کە دەیگوت (دڵەکان مەشکێنن، تاکە شوێنە خودای لێیە).

هاوڕێ لەم ئۆغرە دونیایەك شیعرمان بینی قژی وشە نەفرەتیەکانی کۆچی دادەهێنا، کۆچەری زۆرمان بینی، کە بەدەست مەینەتیەکانی نیشتمان تک تک ئارەقەی ئومێدیان دەڕشت. چاوانێکم بینی پڕی بوو لە ئیشق، چاوانێک لەجیاتی فرمێسک مەراقیان لێ دەتکا، مەراقی ژیان، مەراقی کەوتن بەسەر جەستەی وجود.

ئەم دەرگایە بە دوعاکانی ئێوە نابێتەوە هاوڕێ، ئەم ماڵە حەوسەڵەی گوێگرتنی نەماوە، چیتر ئاو ناخاتە دامێنی وشەوە، چیتر گۆرانی بۆ نەرمە (با)کانی خۆرهەڵات ناڵێت، ئاوڕ لە بیابان ناداتەوە. ئەو کۆچە دوا ئەلبومی یادەوەریمانە، ئازیز گیان، بۆ خۆتان بڕۆن تا حەزی رویشتن حەزکا بڕۆن، تا

خولیای فڕین حەزکا بفڕن، بڕۆن نوێژ بەدیار درۆکانتان بکەن، بپارێنەوە لە گومان، هەست لە گومڕایی نیگاکانتان بگرن، چاو لە هەناسەی بێ مروەتی خۆتان بکەن، هەست لە بێزاری پێلاوەکانتان ڕاگرن، بزانن چ سۆزێکی بۆ ئەم کۆچەی پێیە، چ پەرتوکێکی بۆ ئەم داستانە هەڵگرتوە. هاوڕێ عەجەب لەو هەموو بێدەنگیە، لەو هەموو دڵساردیەتان دەکەم، ئێمە باوەشێک نەفرەتین، خزاوینەتە نێو ئەو ماڵە.

هاوڕێ... هەموو بەیانیەك، زەیتوونێکی تاڵ دەخۆم و لە نێو باخچەی ماڵەوەدا، لە جێگەی باوێشک، گوڵێک بۆن دەکەم. میلی ڕادیۆکەم دەخەمە سەر تازەترین گۆرانی، گوێش دەگرم و منداڵە شەش مانگیەکەشم ماچ دەکەم، ئەو ناوی ژینۆسە و منیش خەریکی گۆڕینی ناوی خۆمم. ناوە ناوەش گۆرانی دەڵێم، دایکی حەزدەکات بخەوێت، بۆیە چەند جارێک لایلایەی بۆ دەکات. منیش حەز دەکەم بخەوم، کەس نییە بم لاوێنێتەوە. هەنیشکم دەخەمە سەر سەرینێکی لۆچکرا و بە ئارەقەی ماندوویێتی گوێ لەو سەمفۆنیایە دەگرم، کە بۆ سۆزانیەکانی کەناری ژیان لێدەدرێت، جار جارە قومێک شەراب، لە جێگەی ماچی ئێواران و مشتێ ئاگایی لە شوێنی بینینەوە نۆش دەکەم، دەبمەوە خۆم و جارێکی دیکە ئاوڕ لە خۆم نادەمەوە. لەم بەیانیەدا

دڵم خستۆتە ناو لەپی تاریکیەوە، پاڵم بەو دارسنەوبەرانە داوە، کە پشتیان لە خۆرهەڵاتە. قاچم گەیاندۆتە دامێنی باخچەی باخەوانەوە، کەس نابینم، جگە لە تەنهایی. کەس نادوێنم، جگە لە ئێوارەیەکی خەواڵوو. ئەم بەیانیە کەس لە من ناچێت و خوداش سپێدەیەکی دیکەمان پێدەناسێنێت، پێمان دەڵێت شوکرانەی بوون بکەن، قەدەری ئێوە بە وجوودی منەوە نووساوە، ئێوەش لە ڕۆحی منن و منیش لە حیکمەتی ئێوەم، حەوسەڵەی بوونی ئێوە وایکرد بەدەم ژیانەوە پێبکەنم. من شێوەم لە ڕووناکییە و ئێوەش لە هەتا و، بە یەقینەوە دەنوارمە چرۆی گەڵاکانتان. لە نێوان ئێوە و ئێمەدا قەسیدەیەکی نەنووسرا و هەیە، کە کەس ناتوانێت وشەکانی بدۆزێتەوە و چەشنی کەمانجە ژەنێک نەرم نەرم نۆتەی تازەترین گۆرانی بۆ ڕێک دەخات. وشەکان..... لەبەر غروری ئێمەیە چیتر پەیمان بە پێغەمبەری نوێ نادا ..... پێغەمبەرلەبەر گاڵتەی ئێمەیە، خۆی تێکەڵ بە هەناسەی وەحی ناکات..... وەحی لەبەر پێدەنگی ئێمەیە پرسیار لە خودا ناکات.... خودا لەبەر پەرتبوونی وشەکان، دۆسایەتی زەوی ناکات..... منیش لەبەر جەنگی گۆرانیەکانە، ئاوڕ لە خۆم لە خۆرهەڵات نادەمەوە.

بەیانییە و خۆر لەبەر بێ مروەتی «با» نایەوێت, کات بە فیرۆ بدات، بەیانییە و خۆرهەڵات، حیکایەتی خوێنمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەیانییە و دونیا لە شێوەی سەراب دەچێت، بەیانییە و لە ژێر عەورەتی گەڵای دارێک، وشە پەرتبووەکانی دوایین قەسیدەی خودا چاولێدەکەم، وەك تەنیایی دەپڕژێمە نێو جەستەی سێبەر و وندەبم. ئیتر کەس ناتوانێت هەنگاوی تەریقەتی ئەو ونبووەم بۆ کۆکاتەوە، ڕووە و حەشیمەت، ڕووە و ئاشووب و جەنگڵستان ملی ڕێگا دەگرم. لە بیابانی سوورەوە هاتووم و ئاور لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە. تۆز و غوباری بیابان بەپێڵاوەکانمەوە نووساوە و داوای وەسیەتمان لێدەکات؟ قسەیەکی دیکە دەکەم و ئاور لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە. قسەیەك، وشەکانی لە دەمی کۆترێکی کێوی بەربێتەوە و بە ڕۆحێکی پێغەمبەرانەوە لە تاریکی ڕۆچوبێت. دەنکێک هەنار بەسە، بۆ ئەوەی زەوی لەم یئسە بگات. هێشوویەك تری کفایەتە، تا ئاسمان ڕەونەقی خۆی ببوغزێنێت. کۆتایی من، بارتەقای کۆتایی کاتە. کات، دەمباتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون، ئاشنای دەروازەکانی سەفەرم دەکات. ئەوسەفەرە ناو دەنێم، گومان. من هۆنراوە و ئاواز و دەنگی ئەو گەشتەم. ئاور لە خۆم و خۆرهەڵات نادەمەوە، دەمبەوە بەو ئێوارەیەی، کە خۆری لێوە ئاوادەبێت. کەناری دەریاکان

شمشێر
بە خۆی و لەشکرێک گوناهەوە
بە تەنیشت خۆرهەڵاتەوە
تێپەڕی و وەک ئەسپی بیابان
حیلەی دەهات

دۆستی هەمشەیی کاتن و منیش لەسەر میلی کاتژمێری ئاودا بە عومری خۆم دادەچمەوە، ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە. ساتێک بۆ پێکەنین و ساتێک بۆ گریان دیاری دەکەم، ئاوڕ لە خۆم و لە خۆرهەڵات نادەمەوە..... ئەو پەنچەکانمی فێری هەڵوەرینکرد، ڕایانهێنام نزیکترین هاوڕێم ناوبنێم تاریکی، ئەو ڕۆژەم لە یادە، کۆترە خۆرهەڵاتیەکان چۆن بوون بە قوربانی و جەللادەکانیش لەسەر عەرشی غروور شاگەشکەببوون. من دەبم بە خولقێنەری ڕەنگەکان و بەیانی تا ئێوارە، ڕەنگی مرۆڤ دەنەخشێنم، بۆ ڕۆژی دوایی دەبمە بە هەورە تریشقە و ڕەنگەکانیان کاڵدەکەمەوە، ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە..... ئاوڕ تا توڕەیی حەزیکات دادەچۆڕێتە نێو باوەشی گومان..... گومان تا یەقین حەز بکات دادەچۆڕێتە نێو هەگبەی ئاوڕەوە.

من... بە کۆڵێک ئاوڕەوە دەڕژێمە باوەشی زەوی، بە باوەشێک گومانەوە دەبارێمە نێو کۆشی ئاسمانەوە. ئێستا لەوە حاڵی بووم، زەوی و ئاسمان واتا ژیان..... ژیان لەو کچە ڤژ ئاوریشمیانە دەچێت، کە لە منداڵی خۆیان تۆراون، ئای چەند خۆشە منداڵی، چەند دڵڕەفێنە ئەوکاتەی یاری لەگەڵ کەرەستە بێ گیانەکان دەکەین.

مـن..... منداڵیـم، مـن..... دەسـرازەی دوایـین بوونـەوەری کـەونم، مـن.... سێبـەرم، مـن..... ئاوزینگی دوا دڵۆپـی فرمێسکی ئاسمـانم. مـن.... نـوزە نـوزی هەناسـەی ئـەو فریشـتانـەم، کـە دڵی نەهـات دوایـین ڕاسپاردەی خـودا بدا بـە پێغەمبـەر، نەشیدەویست بەدیـار زیکرێکـی عاریفانـە شـەونخونی بـکات و ڕیشـی درێـژی خواپـەرستێـک بکەوێتـە گـەردەنـی. ئـەو... لـەوە دڵنیابـوو، ئیـدی خـودا نهێنیەکـی دیکـەی ژیانـی لا نادرکێنێـت. بەهیـوای دیـدار...... بـەم جـۆرە ماڵئاوایـی لـە مـن و خۆرهەڵاتکـرد، منیـش چیتر ئـاوڕ لـە خـۆم و خۆرهـەڵات نادەمـەوە. ئـاوڕ لـە یەکـەم مـرۆڤ و یـەکـەم کتێـب و یـەکـەم سـرووش و یـەکـەم زەنـگ نادەمـەوە. بـە گومانـەوە دەڕژێمـە قوڵایـی تاریکـی و بـە دووچـاوی ئەبلەقـەوە گـۆرانـی دەڵێم، چاوەڕێمـەو تـەلیسمـی کۆچێکـی دیکەم پـێ ئاشـنا دەبێـت..... کـۆچێـک دەرگـاکانـی لـەم ئاوێنانـە دەچێـت، کـە منداڵیـم پێنادەنـەوە، منداڵیـم هیـوایـە و گـەورەییشـم هەمیشـە تـۆڵـە. ئـاوێنـەش بـە هێمنیـەوە پێـم دەڵێـت ڕۆژبـاش، ئـەی ڕۆحـی لـەمـەرگ جیّمـاو. ئاوڕ لەو پـەنجـەرانە نادەمەوە، کـە خـەون بە دەنکە تەسبێحی ونبوو دەبینن، ئاوڕ لە حەوشەی ماڵی ئیمپراتۆرەکان و جەنگ و منگە منگی ئەو پاساریانە نادەمەوە، کە لە ئێوارەیەکی پەمەییدا باڵەکانیان کردە قوربانی. نانی ئێوارە لەسەر لوتکەی

شاخێکی لاچەپی زەوی دەخۆم و چیتر ئاور لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە. خۆرهەڵات پێم دەڵێت تۆم لە جەنگی نێوان ئاوێنەکان لێونبووە، سەرمای تاریکی تۆی گەیاندۆتە مەملەکەتی قوڕ، خوێنی شەهیدەکانیش شوێنپێی هەنگاوەکانتی شێواندووە. دڵە خورپەی من وایکرد سەما بەدیار ئاوابوونی خۆتەوە بکەیت. نەتهێشت، سیناریۆی ونبوونت، لە ئاوێنەی ئەفسانەکان نمایش بکەین. نەتهێشت، سیحری لەزەت، لە حەرەمی ژیان کۆبکەینەوە. سێبەرەکان هاتن و تۆ هەرخەریکی گۆرانی وتنی، گوڵەکان هەڵوەرین و تۆ هەرخەریکی ئاودانی گومانەکانتی. خۆرهەڵات لە حیکمەتی ونبوونت خەونی نەمری ئەگێڕێتەوە، منیش ئاوڕ لە خۆم و خۆرهەڵات نادەمەوە. لە نێو وەرزی ئاوڕدا دەستم وەك دەستی غەریبێک و ئاشنا بە پرسیارە گەورەکانی ژیان، هەمیشە گۆرانی بۆ ئاوابوونی خۆی دەچڕێت.... ژیان لە نێو جانتای سەفەر دەدرەوشێتەوە، لە ژێر پاڵتۆی پیرەمێردێکی شەکەت و ماندوو خەو دەیباتەوە. ئەزانی ژیان هیچ قسەیەکی پێ نییە بۆ باران، بۆیە هەمیشە وەك تۆڵە بیر لە خاش خاشکردنی زەوی دەکاتەوە. ئەزانی هاوڕێ ئەم بەیانیەش، وەك حەللاج لەبەردەم وەرزی ئیشقدا کاڵدەبینەوە. ئەزانی چیتر نامەکانمان نادرەوشێتەوە، چیتر سیمامان لە نێو بوون ناژاکێت، کەچی ئەو بەیانیە شمشێر بە

خۆیی و لەشکرێک گوناهەوە بە تەنیشت خۆرهەڵاتەوە تێپەڕی و سڵاویکردوو، وەك ئەسپی بیابان حیلەی دەهات، حیلەی دەگەیشتە کەشکەڵانی ئاسمان و ئێمەش دەبووراینەوە و خەونمان دەبینی، خەونمان بە پیغەمبەرە ماندووەکانەوە دەبینی، کە تا مردنیش نەیانزانی ئەشکەوت چ مەغرایەکی لە بووندا هەیە. خەونمان بە تاشە بەردوو نزا و سزاوە دەبینی، هەمیشە خەون، خەون بە شمشێر، بە جەنگ، بە هەمووشتێک. دەمانبینی شمشێر حیکمەتی خودای بەسەر قژی کچانی نیشتمان دابەشدەکرد، بانگهێشتیان دەکردین بۆ سەر خوانی گومڕایی. بۆنی مسک و عەنبەر و عەتری خۆرهەڵاتیان دەخستە گەردەنی ژنانی شەهیدوو ملوانکەیەك لە ئاڵتونیان بەدیاری بۆ حامۆرابی دەبرد، نالی و مەحوی و حاجیم دەبینی ڕیشی درێژی یەکتریان دەتاشی و چیتر بۆ بیابان، بۆ خۆرهەڵات، شیعریان نەدەهۆنیەوە. خەونم دەبینی ئێمە لەشکرێک سوارچاك بووین، خۆرهەڵات شەکەت شەکەت ماندوویەتی خۆی خستە کۆڵمانەوە و بەڕێیکردین، نەیهێشت کچانی نیشتمان وەڵامی ماڵئاواییەکانمان بدەنەوە، دوا ماچی ژیان تێکەڵ بە یەکتری بکەین. بەڕێیانکردین و دەرگای مزگەوت و کڵێسا و پەرستگاکانیان پڕکرد لە توڕەیی خواپەرستەکان، بەڕێیانکردین و میلی کاتژمێری دەستمانیان، کوژاندەوە.

چ لە ئیشقێک بکەم،

لە نێو زەرفی نامەیەکدا زیندانیکرابێت،

چ لە وشەی ئیشق بکەم،

کە بڵێسەی ئاگری دڵێکی پێ خامۆش نەکرێت.

# ژیان
# خۆرهەڵاتی

ئازیز گیان....... من لە دوا پێکی دەستی دایکم، لە دایک بووم. لە نێو شەمەندەفەر لە دوا فارگۆنی نێوان مەشریق و مەغریب. بیرمە دایکم دوو کاتژمێر، پێش ئەوەی بەدەم ژیانەوە بگریم، دڵی خستە نێوان لێوەکانم، تێر تێر گیانیم مژی، ئەوەندەم شیری حەیات لێخوارد ئیدی ژیان بۆ ئەونەمایەوە. بیرمە، ئەوکاتەی دایکم لە دوا فارگۆنی ئەو شەمەندەفەرەی، کە بۆ سەرزەمینی خودا دەچوو، من لەدایک بووم؟ دایکم دوو پێک زیاتری لێ دابوو. مەست، مەست، تەسبێحی تەمەنی شۆڕ دەکردەوە نێو پاراسووی

زەوی. دوا پێکی دەستی دایکم لەو شەرابانە بوو، کە تەمەنی نزیک بوو لە داری ڕاهون، ئەو دارەی ئادەم، حەوای پێ دارکاریکرد. دایکم بیری دێ، کە حەوا یەکەم منداڵی بوو. دایکم دیگوت ڕۆڵەکانم حەوا زۆر لە ئاوێنە دەترسا، ترسی لە دووبارەبوونەوەی خۆی هەبوو. دەترسا جارێکی دیکە بەبوون بێتەوە. دایکم بە باوەشێک شەرمەوە خوازبێنی کرا، ئەو ڕۆژە داپیرەم دەیگێڕایەوە، کە دایکم بوو بە بووك، حەوشەی ماڵەکەمان پڕی بوو لە خووناو، خوناوی لێوی ئەوکچانەی شەیدای بووکێنی بوون، کە دایکم کرا بە بووك، ئەورۆژە کوڕانی لادێ سمێڵیان بە وەسمە، قەترانیکردبوو، دەڵێن ئەو ساڵی هات بوو، باخی سینەی یاران دوو هەناری گرتبوو. ئەو ڕۆژە، باوکم نیگەرانی ئاوابوونی خۆربوو، دەڵێن پیاو، جەنگاوەرێکی دۆڕاوە لە جەنگی هاوژینیدا.

هاوڕێ ئێمە لە باوکێک و سێ دایک، پێنج کوڕ و هەشت خوشک بووین. لە دایکی خۆم، کە ژنی یەکەمی باوکمە دوو برا و خوشکێک بووین. دایکم، دایکی ڕاستەقینەم، خوویەکی سەیری هەبوو، کە منالی دەبوو، مەلاکەی مزگەوتی بانگدەکرد، لەبنای گوێی بانگ بدات. دایکم، بۆی گێڕامەوە لەو کاتەی من لەدایک بووم، مەلا قادر، کە بە مەلا قادری ژنانی ناسرابوو لە ئاواییەکەمان نەمابوو، گەشتێکی دوور دووری، ڕاخستبوو

هەرچی پێڵاوی پیاوان هەبوو، خستبیە کۆڵیەوە، دەیانگۆت بۆ ئەوەی بووە، تا دووری ڕێگاکان خامۆشکاتەوە. دڵی ڕۆیشتن، لە غەمگینی بپارێزێت، دەروونی خاك، بلاوێنێتەوە و گەڵای سێبەرەکان، بترازێنێ. دایکم دەیگێڕایەوە، دوای ساڵێک، مەلا قادری ژنانی گەڕاوەتەوە دێیەکەمان، کە گەڕاوەتەوە ئیدی لە بنا گوێتەوە، بانگی ئەڵلا و ئەکبەری داوە. دایکم دەیگوت چاوم کوێربێت، ئەوەندە شەیتان و بێعاربووی بانگی خوداش هەر ئاقڵی نەکردی.

ئازیز گیان....... ماڵەکەمان، لە دوو ژووری لێو بەخەندە و باخچەیەکی چاوکاڵ و چوار پەنجەرەی قژقەترانی، حەسارێک و حەوشەیەکی پان و دەرگایەکی گەورە، کە بەقەت کەرتە شاخێک دەبوون، هەمیشە لەو ماڵە، ئاومان لە جیاتی ڕوناکی دادەگیرساند، ماڵمان بە هاتنی هەتاو دەبریسکایەوە، زەنگی دەرگاکەمان، حەیرانێکی درێژ درێژ بوو، ئاوازەکەی، کە لەسەر سەری تەمێک هەبوو، کاڵ کاڵ ببۆوە. بەدڵخۆشیەوە لە کامەرانی ڕۆدەچوو، جیڕڕەی دەنگی میوان، میوانی ناوەختمان، وەك باران بەسەردا دەڕژا. ناندینەکەمان لەدەست چوبوو، چ کۆتری بەرەڵای ئەو کێوانە هەیە بەو ناندینە فێرە. ڕەنگ نییە، چاو لێک نێین، داربەڕووە، دڵتەڕەکەی حەوشەمان، چ چۆلەکەی

سەڵت لەو ناوە هەبێت، دەیانفڕێنێت، دەیانفڕێنێت، تا ئارەزووی فڕینیان بکرێتەوە.

دایکم، دایکی دووەمم، چوار کچ و کوڕێکی هەبوو کچەکانی، بازن و خرخاڵیان لە کونی کونی دیواری ژووری نووستنی دایکی ڕاستەقینم ڕادەکرد، کونی کونی دیواری ژووری دایکمیان کردبوە هێلانەی مووان، چ مووی پرچی بەجێماوی سەر شانەی ماڵێ هەبوو، لە کونی کونی ژووری دایکمیان ڕادەکرد. دایکی دووەمم، حەمامی گەرمدەکرد هەموو بەیانیەك، کە لە خەو هەڵدەستا، خۆی و کوڕە تاقانەکەی، شۆڕی بنی بنی حەوزی ئاوەکەدەکرد. باوکم بینی، شەوێک سیمای لەگەڵ سووخمەیەکی پڕ و خڕ، بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، دوو ئەستێرەی خرپنی لەسینگدابوو، دەتگووت هەناری شارەبانن، خڕوو سوور. ئەو شەوە دایکیشم دایکی سێهەمم، دووگمەی کراسەکەی، دوو قۆپچەی کرابووە، دوو لیمۆکەی ئەو، باڵیانگرتبوولە خۆشیان.

***نیشتمان... لە دایکم دەچێ***

***لێوەکانی وەکو لێوی دایکم،***

***بۆنی غەمگینیان گرتووە.***

دایە، نیگەرانی چیت، ئەی ئەوە نییە کۆترەکانیش، کە ئاشق دەبن چاوەکانیان دەترۆکێنن، ئەی نەتبینیوە پاساریەکان چۆن بەدیار ئاوابوونی خەمەکانیان گۆرانی بۆ هەتاو دەڵێن. سەیرت نەکردووە، کەرۆیشکەکان بۆ ئەوەی شەرم نەیانگرێ، زەوی شقار شقار دەکەن بۆ ژیان. چ دەبوو، منیش چیلکە داریک بوام لە جێی ژوانی ئەو کوڕ و کچانەی، خۆیان خۆشتر دەوێت لە نیشتمان. نیشتمان، لە دایکم دەچێ، لێوەکانی وەکو لێوی دایکم بۆنی غەمگینیان گرتووە. چاوەکانی وەك چاوانی دایکم، پڕن لە کل و دارایی، ڕۆشنایی دەدەن بە بینین و یەقین بەتاڵ دەکەنەوە. دایکم، ئەو شەوەی باوکم بە زاوا بوو، پشمی، زۆر پشمی، لوتی پڕ بوو لە خولیا، دڵی پڕ بوو لە مەراق.

دایە گیان.... بیرتە باوکم ئەو شەوە تا درەنگانی ڕۆژ بە ئاگا نەهات، تۆش تا درەنگانی شەو نەخەوتی. ئەو شەوە مێژوو بەکراسەکانتەوە نوسابوو، کراسەکەت، دامە دامە ڕەنگی ڕۆژهەڵاتیان گرتبوو. سەرینەکەت ببوون بەبەرد، بەردی سوێند، بەردی مارەییت، بەردی، جیابوونەوە، بەردی گەڕانەوە بۆ سەرەتایی بوون. ئەم شەوە ژوورەکەت پڕی بوو، لە دڵڕەقی، لە وردە پیاو، لە دەم و چاوی لۆچ. بەم نیگای خەجالەتەوە عومری خاك بۆ

کوێ دەبێت، دایە.

دایە، چ قسەیەکە ئەوە، چ گوتنێکە، ئەوە خۆت بینیوە، ڕەنگت لە ڕەنگی، لاولاوی حەوشەی ماڵە بەگزادەکان دەچێت، شێوەت بۆتە شەونم و کەزی کەزی، قەدی دارچنارێک لێو ڕێژ دەکات. بیرم دێت، هەمیشە پێت دەگوتین، هێواش هێواش لە دەرگای ژیان بدەن، با بیرکردنەوەتان کاڵنەبێتەوە. پێت دەگوتین ڕۆڵەکانم، لە کۆتا جەنگی فریشتەکان، دوو جۆر مرۆڤ، دوو جۆر ئینسان، دوو جۆر بەشەر، دەپشکوێت، ڕاتدەهێناین، گوڵە عاجیلە و گوڵە هێرۆ شەرمنترین گوڵی نێو باخچەکەمانن، بە حورمەتەوە بۆنیان بکەن، بە ئەدەبەوە بەلایاندا تێپەڕن، نەبادە، نازیان بشکێت، شکۆیان لاربێتەوە. دەتگوت مەراقی ئەوەمکردووە سپێدەیەك لەگەڵ با، بێم بۆسەردانی گەلا وەریوەکان. پێت دەگوتین، ئەوان، نازدارترین جەنگاوەری خودان، شمشێری پیاوانی خۆرهەڵات، دونیایەك ڕەنگی مەیی و بە فرمێسکی دایکانی ئەوبەری جەنگەکانیان لەکۆڵناوە.

ئای دایە، دایکی تێکشکاوم، بوون بەبینینت تەریق دەبێتەوە. ئەو ڕۆژە باوکم، باوکی ناو چیرۆکی بەرئاگردانم دەمبینی، لەدەفتەری یاداشتەکانی وێنەی دوو لێوی ڕەش ڕەشی کێشابوو، لەژێریەوە نووسیبووی، (چاو) لەکاتی خەوبینیندا. ئای لەو

هەموو جەماڵە، خەریکە نەتناسمەوە دایە. چەند پێتەوە جوانە، شەرابی ئەم فیراقە، چ دونیایەکە. لەم زەمەنی بێ مروەتیە چەند لەو باڵندە دڵشکاوانە دەچی دایە، کە بە دیار فڕینی یەکترەوە، دەبن بە گیتار و غەمگینترین ئاواز دەهۆننەوە. لێمان ببوورە دایە هەرچی وشەی ناو ڕەقیبەکەت هەبوو، هەرچی تاڵی و چێژی خوایە وەتەن ئاواکەت هەبوو، دامان بە سەبەتەیەك شەهوەت. دایە، کە غەریبین، تۆ پێت نەوتین لە دەرگای هەموو، دڵێک مەدەن. نەتووت، یئس نەتانگرێ، ڕێگاکان، گوناهبار مەکەن بە پەڕینەوە لە دەریا. نەتووت سوراحییەك ئاوی نیشتمان، مەدەن بە کەئسەن دیهاقەن. دایە، بەم بەری بەیانیە پێکی دەستت چەند لێ جوانە، بە شەرابەوە چەند بە ویقاری، مەست، مەست. دەڵێی حەوای سەما بۆ لەتە سێوەکەی بەهەشت دەکەیت، نەرم نەرم سەما دەکەیت. ئەو هەموو تامەزرۆییە چییە هەتە بۆ دڵنەوایی دایە، ئەوە چ لێخۆشبوونیکە، چ غرورێکە ئەم جەنەتمەهوایەی تۆ. بەم تاریک و ڕوونەی بەیانییە، ڕەنگی خۆتت هەڵگرتووە. دایە لێوت لە گەڵای ئومێد و دڵت لە یاقووت دەچێ، زۆر لە خۆت دەچیت، ئەمجارە دایە.

دایە، پێت عەنتیکەیەها عالەمی نێو ئەو مەتبەخە، سوور سوور دەچنەوە؟!!. ڕەنگێ، لە ڕەنگی باران، دلۆپێ لە هەڵوەرینی

ئەستێران، مشتێ لە تامەزرۆیی بۆ ژیان، وایلێکردوون. دایە، ئەمانە شمشێرە بوێرەکانی نێو گالیسکەکانن، ئەوانەی بۆ باوەشێک نیشتمان زەریایەك، ڕۆحیان تێکەڵ بە خاك کرد ؟!!. دونیایەك دڵیان لەناو دێر بە تیری کتێبە پیرۆزەکان ناشت؟!!!. ئەی عالەمی نەگبەت، دەریای خەوتوو، باوەشێک ساڵە، ئەم مەعبەدە بە نوێژی دایکم تەڕدەکەم، دەرگای ئەم کلێسایەم، وەکو نوقلانە بۆ سەدەقەی سەری دایکم، هەموویم بەخشیوە، داومەتە ئەو جەنگاوەرانەی لە هاوڕێیەتی ئیبلیس وەڕس ببوون، داومەتە، جەنەڕاڵەکانی نیکۆس لە دوورگەی کرێتا، لە حەوشەیماڵی زیۆس، کە خودای ئارامییان، بە یاقووتی ئومێد داتاشیبوو. ئەو جەنگاوەرانەی تا گیانیان دەرچوو، نوێژێکیان نەچوو. پەنچەرەی مزگەوتەکانم لەبەر ژنێتی دایکم داوە بە ژنانی ڕۆما، تا لەبەر هەتاوی پاپای نەمری پاك پاك قژیان بۆیاخکەن و سەبەتەیەك حورمەت، بە دۆشاوی شەرەف، سازکەن. چ خۆشیەکە دایە، بە کراس و کەوای گومانەوە بێیت، تووڕەییەك، تێر تێر لە هەوای شەهوەت بخەیتە هەگبەتەوە و لە قەراخ سێبەرێکی هەرزەکارەوە، پێکێ ئەستوورتر لە حەیای بوون، قوڵتر لە شەهامەتی گەردوون، میهرەبانتر لە قەتپاڵی ئینسان، بە دوو دەستی خاڵی لە یەقین، بەدیاری کوفری خەلقەتەوە نۆشبکەیت؟!!!.

دایە، لە خوێندنەوەی ئەو هەموو کەوتنە وەڕس نەبووی. بێتاقەت نەبووی، لە هەڵفڕینی ئەو هەموو دڵنەرمیە. جارێک پێت نەگوتن، عەمری خۆت و ئەو هەموو حیشمەتەتان نەمێنێت. دەبوا، ڕەگی ئەم مێژووە لەمە زیاتر پڕ سۆزتر نەکەیت. دایە ئەو هەموو باوەشەی تۆ بوو وایکرد ئێرەیی بە ڕێک و جوانی، چرۆ بکات؟!! دڵڕەقی، ببێت بەبەشێک لە خولیامان. دایە، باشم لە یادە وادەزانم ئیستایە دەزانی بووکە شووشەکەی دەستی کچە تاقانەکەت، کێ بوو جلەکانی پیسکرد؟!!. ئەوە من بووم، دەزانی ئەوە من بووم، کۆچانی دەستی داپیرەم خستە نێو چاڵەکەوە. داپیرەم زۆر تووڕەبوو، ئەو ڕۆژە، دایە ئەو تۆڕەییەم تەنها لە نێو کتێب ومەجلیسی، خواپەرستان بینیوە؟!!!.

لێمان ببوورە دایە

هەرچی وشەی ناو ڕەقیبەکەت هەبوو،

هەرچی تاڵی و چێژی خوایە وەتەن ئاواکەت هەبوو،

دامان بە سەبەتەیەک شەهوەت.

ئازیز گیان......... با واز لەمە بهێنین، گەر تاقەتت هەبێت، پێمخۆشە ئەم شەو جیاوازبین، دەمەوێت قەسیدەیەك، بەدیار تامەزرۆییمان بۆ ژوان، بۆ یەکتر بهۆنینەوە، مەبەستم شیعرێك پێکەوە بنووسینەوە، تۆ جوملەیەك و منیش جوملەیەك، من چۆن دەتوانم وەك تۆ جوان بنووسم و وشەکان ریزکەم نا، تۆ زۆر لەمن جوانتر دەنووسی، ئەی ئەوە نییە من تۆ دەنووسمەوە!!!. منیش دەتنووسمەوە، ئێستا بۆت دەنووسم، دەی....... ئەمە سەرەتای قەسیدەکەیە؟!!. من دەست پێدەکەم، دەی...... هەناسەکەم ئەم شەو بێ تۆیی شێتم دەکات، شێت وەك مەجنون، بەدیار پرشنگی ئەوینت مەستکەوتووم، چۆن بتوانم فرمێسکەکانی بێ تۆیی، لە نێو چاوانم بسڕمەوە. بێ تۆیی خەریکە ونم دەکات، دڵنیابە، کە ون بویت دەدۆزمەوە؟!!. لە نێو پێڵوی چاوەکانم دەدۆزمەوە. هەمیشە بۆت دەگەڕێم؟!!!. ئەمە نەنکمە و دەڵێت کێیە دڵەیە، چۆنە هەهههههە بڵێ پیاوێکی ماندوو، ڕێبوارێکی لێوان لێو لە مەراق، دڵی پڕە لە خولیا و چاوی بۆتە پەروانە و بە دەوری سارا، وێڵ و سەرگەردانە. دڵی بۆتە بڵێسە و ئەوینێکی شێتانە، شێت وەك من. لە حەسرەتا، شەوانە دێت لە دەرگای دڵی من دەدات، بڵێ پورە گیان، دڵە.... ئەم شەو وەك جاران نییە، ئەو

شەو دڵە خورپەیەتی، هێندە یادی یار دەکات، بە من نەبێت ئۆقرە ناگرێت؟!!. بە ماچی لێو، بە بۆنی قژو سەما نەبێت داناسەکنێ دڵی ئەو، سەما..... وای لە ماچ، وای لە سەما، سەمایەك لێوان لێو لە ئیشقی سەرمەدی. حەزم لێیە لەگەڵ تۆ سەما بکەم، سەمایەکی دڵدارانە، تا لە لوتکەی رۆمانسیەتی ئەم ئەشقەدا، یەکتری ببینینەوە، ئەوکات هەست دەکەیت، کە چەند تۆم خۆشدەوێت. دەی..... مۆمێ داگیرسێنە، تا چێژم پڕ لە سەما بێت، وای لەم سەمایە چەند خۆش بوو، کە بەدیار نەورەسەکانی کەناری ئیشقەوە لە شەقەی باڵیان ئەدا و گۆرانیان بۆ دەریا دەگوت. کاتێک دەستت لە کەمەرو و رۆحت لە ناو رۆحم دابوو دڵیشت نابوو بە دڵمەوە ئەوەیە سەما هەناسەکەم..... ئەمە سەمای دوو ئاشقە، دوو ئاشق، هەمیشە لێویان بە خەیاڵە جوانەکانی ئەوین تەڕ تەڕ دەبێت و جەستەشیان وەك کانی ئاوی پیادا دەچۆڕێت. سەمای دوو باڵی کۆترێکە لە دوورەوە، بە خێرایی بەم ئاسمانە بەرینەدا، دەفڕێت و ڕێگایەکی دوور دەبڕێت، تا لەوە بگات بۆ کوێ دەفڕێت. فڕین بە دوو باڵی حەنینەوە، بە دوو چاوی شەرمنەوە، بە دڵێکی ئاشقانە. ئای.... ببورە ئەی یار، من زۆر خراپ دەنووسم؟!!. دوور دوور دەفڕێت، دەفڕێت بۆ باخچەکانی نزیک کامەرانی. من دەدنووسمەوە.

حەزم لێیە بێتە لام و هێواش هێواش، گرێی دڵم بکەیتەوە، تەواو کە هاتی چی لێدەکەیت؟!!. پەڕ پەڕ حەرفی تەنیاییت، بە مەرەکەبی هاتنم پڕ لە ماچ دەکەم، بێدەنگیت دەشکێنم. ئەم شەو حەزم لێبوو بە دیار مۆمێکەوە دانیشین و تێر تێر سەیرت بکەم، منیش تێر تێر ماچت بکەم. لە باوەشتا ئۆقرە ناگرم؟!!!. من تۆم دەوێت، دڵی تۆ، ڕۆحی تۆ.

ئازیز گیان....... شتێک ختووکەمدەدا، وەك ئەوەی تروسکایەك، یان رامانێک بێت. یاخوت وشەیەك، پیتێک لە دونیای قەرەجەکان. ئەوڕۆژە هەرخۆم بووم، دەمبینی خۆی وێنا دەکردەوە، ڕۆشناییم، بە نادیاری ئاڵۆسکاوە لێی ورد دەبمەوە، بیناییم رادەخەم، چرایەکی شێدار دەبەستمەوە بەحەوشەی تاریکی لەسەر سەری لەمێژینەی هاتاو بە مانگ دەڵێم بانگبدە، با بانگی بەریانگ بێ وەك ئەو ئاسۆیەی خۆت لەسەرزگی ئەو دەبینی دەمێ دەبریسکێتەوە، تێناگەم عەیامێکە بەلێومەوە قەدیگرتووە، نیگام لەنێو روخسارت خنکاوە، ئەو نامۆیە ختووکەمدەدا، هەمیشە رەونەقی قسان دەنێرێ بەدواما. ئەوێ ڕۆژێ دەستێ وشەی جوانی لەگەڵ دوو خانمە شیعری ناردبوو بە شوێنمدا، پێرێ دەبوا لەگەڵ ژنەکەی دراوسێیان بەهاتبا پێیگوتبوو، با مێرگی ژوانان لۆ خاتری مە خۆشنەکات، ماچانما لێ نەکا

بەژەهر، مەمکۆڵانمان نەکا بە ئاونگی خەونان. لێ، دەبوا دڵیان بەو نسارانە، بە بەردی غارغار بتاشێ، دەڵێی پایزێکی رەنگ ئەستووری قاوەیی بێ بۆنە، ختووکەمدەدا، نازانم وەك ئەوەی یادەریم خزابێ، ئەوشەوە تا چواری بەری بەیان خەونم ساردەکردەوە، حیکایەتێکی درێژم پێچایەوە. ئەگەرچی مێژوو، بێ تامترین قسەیە، لەو خەوەمدا. خەونبین، ئەشقی کچێکی قەرەج بوو، ئەشق، فێنکی دەخاتە دڵی وشەوە، بای لەزەت دەخاتە هەناسەی کتێبەوە. ئەو خەوەت چەند لێ جوانە، خەونبین. لێ گەڕێ (خەو) پشووی درێژە، ناچەمێتەوە. دەمێکە بەدوای زەینی خۆم دادەگەڕێم، غەریبیم لێڕواوە، روحم بایگرتووە، تارای لێ دەتکێ، مەرگ بنی نییە و گیانمان بێ سەرپۆشە، ئەوەندەی پیری دونیا، زەوی قوربانی بۆ خودا داو. مەبەستم ئەوەیە، خودا بێ مرۆڤ هەڵناکات. پەیامبەرەکان ئارەزووی دەنگ هەڵبڕین، وایلێکردوون لە ئەشکەوت بخەون، تاریکی بپۆشن ئەوان لەکەناری کتێبەکان بەهای دڵخۆشی دەڕوێنن، تینوون بۆ ژیان، دەنوارنە خۆر. پڕن لە دەنگ، کەمێک لە جوانی لای مەرگخوازان هەیە، بۆیە خودا مردن ناو دەبا بە چێژ. ئەوەی نەڕوانێتە جوانی خەونیشی بۆ جوانی نییە، بەڵێ لە قوڵایی ژیاندا هونەری جوانی دەبریسکێتەوە وەك تریفە، لاردەبێتەوە دامێنی زەوی. پەیامبەرێک هەبوو دەیگووت،

جوانی دڵێکی دیکەی مرۆڤە ئەوەی نەیبێ، جوانی نابینێت. مەولانا دەڵێت: کە ئاشق بوویت، ئینجا دەزانی دڵت هەیە. جوانی لەناختدا دیاردەبێت، لەناوخۆیدا دەتبینێ.

شتێک ختووکەمدەدا، نازانم چییە؟ وەك ئاوێکی دەنگدار، حەپەساو، بێدارم بۆی ئیدی بێ هیچ شتێک شکۆفە دەکا، من بێ مەرج ئەویندار بووم، لۆیە ئەم ختووکەیە هێزی زێڕینی خۆی دەنێرێ بۆم. لەشکرێک کەتنیان خستۆتە دوای پێڵاوەکانم، جا، ئەو لەشکرە چ لە ریتمی گومان دەزانێ؟ من، دەمزانی لە ساتە ماچێکدا چەندین تابلۆ لە دایک دەبێ، لێمدیاربوو ئەشق، رێگە بە دابەزینی ئایەتەکان دەدات. دەمبینی ئەشق، سەبەتەیەك ئومێد دەرژێنێتە بەرقاپی پێغەمبەرەکان. لێمڕۆنبوو ئەشق لە دوا لەحزەی خۆرئاوابوونی لێوەکانی دەنێ بەلێوم و ماچم دەکا. لە ئێوارەیەکی تەحریمکراودا دەروێشەکانی باخی گشتی خودا سێوە لەتبووەکەی ئادەم، ورد ورد کۆدەکەنەوە و دەهێننەوە بۆ مۆزەخانەی دڵەکان. فریشتەکان بەدەم پێکەنینەوە پێنووسەکان بزردەکەن. تۆ لە پشت دەرگاوە سەرت بەدیواری ژوورەکەم دادا و من، بەو هەموو بێتاقەتیەوە وەرینی باڵەکانی پەروانەیەکم بۆ کۆناکرێتەوە. ببورە ئیشق عێدزی کردووم، هاوڕێ دەڵێن «ئاشقێک لە ساتە ماچێکداهەموو گڵپەکانی

دۆزەخی دامرکاندەوە» من، گوناهم چییە ئاسمان بەو هەموو بارانەوە کلیلی دەرگایەکی ئەشقی بۆ قەرز نەکرا ؟!. لە کەنار رووبارێکی سەرخۆشەوە، منداڵێک خنکا و هیچم نەگوت. ژنێکی کاڵ، بە رووتیەوە شەهوەتەکانی ئاوی بەتاڵ دەکردەوە. گوتم، ئێستا ئاو لەوپەڕی بێگوناهیدا یاری دەکات، هاوڕێ، سەرت بە دیواری ژوورەکەم لادە با، دەنگی داخستنی دەرگاکە کاست نەکا ؟!. من بەو هەموو بێتاقەتیەوە توانای کۆکردنەوەی باڵەکانی پەروانەیەکم نەماوە. چۆن توانای بینینی درزی پەنجەرەیەکم ماوە ؟!!. پێ، لەسەر ساتە هەڵوەریوەکانی باوکم هەڵگرە ؟!. با، خەبەریان نەبێتەوە, سوهراب دەڵێت: نەبا درزبەڕێ چینی ناسکی تەنهایی من. سەفەر ڕێگا نادا یاری لەگەڵ ڕەنگە یاخیەکان بکەم، لە چریکەی چەپڵە لێدانێک فڕینی باڵندەکان پێمان دەڵێن ترس ئەبەدییە لە حەزمەت گەڕانەوەت، هێڵێک لەبەردەم گێڵگەکانی ئەشق و بوڕکانەکانی ئەشق لێدرا. ئێمە، کوا هێلانەی پەرەسێلکەیەکمان دیوە بە دەلاقەی شیعرەوە. پێم مەڵێ ئێوارەیەك لە شەقامێکی نامۆدا لە هۆش خۆت چوو بوی ؟!. جگەرەکەت، هاواری نیشتمانێکی سەوزی لێهەڵدەستا ؟!!.

هاورێ ...... ئەمماڵە پڕە لە سێبەری وشک، لە پەنجەرەی کون کون بوو. دەرگایەکی گەورەی لێ هەڵواسراوە، بەیانیان، پێش ئەوەی ساردی بەر حەوشەمان کەوێ، بەرلەوەی دارهەنجیرەکەمان شیر لە دەمیا بڕژێ، نان و چایەك، لە نزیک یادەوەری دەخۆمەوە. ژیان لەم ماڵەدا، لە ژنێکی دەست بەتاڵ دەچێ، ژنێک دەتگوت تازە لە ژوان گەڕاوەتەوە، لێوی یاقووت و گەردەنی عەنبەر و سینگی ماچی لێ دەتکێ، کراس و کەواکەی ژنانەیە و ڕەنگی لە ڕەنگی خاك ئالاوە. لە فینجانەیەکی پڕ لە گیا دەچێت، لە باخچەیەکی نیوە رووت و لە دڵەخورپەی باڵندەیەکی باڵشکاو دەچێ. لەم ماڵەدا، لە چوار ژووری نیگەرانی و مەنهۆڵێکی بێ هیوا و ئاشپەزخانەیەکی تێر، زیاتر شک نابەم. لەم ماڵە، ئاشقەکانی دەبردرێن بۆ جەنگ، جەنگ لە پێناوی خەوێکی قووڵ، بۆ ئەوانەی شەوان، قومار بە نیشتیمانەوە دەکەن. ئەوانەی خەنی، خەنی، لێویان ئاوساوە بە مکیاژی گومڕایی. لەم ماڵەدا، باوکێک هەموو ئێوارەیەك جگەرەیەك دادەگیرسێنێت وقووم ، قووم هەناسەی نیشتمان قوت دەدات. باوکمان سێبەری ڕاکشاوە، پایسکیلێکی ٢٧ ی هەیە و پەیدان پەیدان، داژووا، دڵی بۆتە شمشێر و دەستبازێ لەگەڵ هەتاو دەکات. ماڵەکەمان، لە سمێل و ریشی باوکمان دەچێ. پەنجەرەیەکی ڕەنگ پەڕیوی

ئاشقمان هەبوو شێتانە، دڵداری لەگەڵ باخچەدا دەکرد، کە مەست دەبوو دەیگووت لە من زیاتر کێی دیکە باخچەی خۆشدەوێت. دایکمان، ئەمماڵەی خۆشنەدەویست بەهانەی زۆر بوو داوای ژووری خەوتن و جلی ژێرەوەی دەکرد. ئەو ئاوێنەیەك و باوەشێک مکیاژ و سۆرا و سپیاوی دا بەباوکم، تا هەندێ سۆز و نازی لە بازاڕ بۆ بکڕێت، تا گەڕانەوەی، دایکم دڵی خستبووە نێو لەپی، باوکم هەموویدا بە قومێک پیاوەتی. حەوشەکەمانی دا بەشوو، چوار ژوورەکەشی کرد بە مەیخانەیەکی گەورە. هەشبەسەرخۆمان، ماڵێکمان بوو، کردیان بە کێڵگەی گوڵی خەشخاش. عیسای مەسیح واتەنی: بە چی دەچێت، کە هەموو دونیا ببەیتەوە، کەچی نرخەکەی دۆڕانی خۆت بێت؟!!.

لەم ماڵە، ئاشقەکانی دەبردرێن بۆ جەنگ،

جەنگ لە پێناوی خەوێکی قووڵ،

بۆ ئەوانەی قومار بە نیشتیمانەوە دەکەن.

ئەوانەی خەنی، خەنی، لێویان ئاوساوە بە مکیاژی گومڕایی.

# ژیان
# خۆرئاوای

ئازیز......

هەتاویش، وەك و باران گۆنای زەوی دەگەزێ و جارجارەش لەگەڵ سێبەرێکی تەنیا، کە هێشتا با،ی ماندووبوونی نەحەساوەتەوە کۆچ دەکات؟!. کۆچی ئەم جارەی با، مێژوو دەچەمێنێتەوە. ختۆکەی دەریا دەدات تا هەنشکی با، بە ئاسپایی لارکاتەوە، لەلاریدا، با ، باشتر، جوانتر لە جاران ڕێ دەکات. چی تێدایە، با لە حزوری چیلکە دارێک، سەما بکات، سەمای با، زەوق و شەوق دەداتە کەناری دەریا، باڵندە، دڵژنانیەکانی قەراخ دەریا، ستیانیان پڕە لە تەماشا، مایۆکانیان، کە خەتی تەمەنی غەریزەی، با یان لێوە شاردراوەتەوە شەرمیان لە پیاوەتی نەوڕەسەکان

دەکردەوە؟!. تک، تک، حەیا، بە رووی ئاودا دەتکا، ئاو، لە با ڕادەما، ڕامانی ئاو بۆ با، دایدەڕماندن لە شکۆ. باڵندە دڵژنانیەکانی قەراخ دەریا، لێویان مکیاژی شەرابی پێوەبوو. ڤژیان، دەتگوت بێستانی ترێیە، هێشوو هێشوو بە عاستەم، کەلێنی سمتی دارهەرمێکەی بەردەمی داپۆشی بوو. با، غرور نایگرێ، چما لە چ ڕا دیارە با، هەر بۆ خۆشی هەڵناکا؟!. لە نزیک شاخی بێساران با، لەجاران جیاوازتر دەردەکەوێ! زەرەخەنەی با، لە تخووبی سێبەر، مانای ئومێد دەدات. با، بێ هیوا نابێ مادامەکێ، دەریا باوەشی تەڕی خۆی دانەپۆشیوە، کۆشی دەریا، پڕە لە ڕۆحی گەنجانی نیشتمان کۆچ، زەوقی فڕینی لێڕواندین، گڕوگاڵی منداڵەکانی کردە دیاری دەریا؟ دەریاوان، چاوی پڕە لە یادەوەری، چاوی دەریاوان، بەهای مەرگ دیاریدەکات، بای سۆزێک، گیانم پێبدە، دەریاوان دەریاوان، دڵێکی نەفرەتییە، بە کەزی مانگەوە نووساوە، لە تریفەم پرسی، مانگ شەرم دایناگرێ کە شەو لاریدەکاتەوە و زەوی لە باوەشی دەنێ، مانگ لە حریتەی پێکەنین دەدات، کاتێک با، بە چەترێکەوە دەبینێت؟. دەریاوان، بە بای، درەنگانی شەو نیگەرانە. چەشنی ئەستێرە، لە مەکری چاوبازێنەی خۆر؟!. نەهەنگێ، لە ئێوارەیەکی دەرنگ، پێش ئەوەی خۆر خەبەری بێتەوە، باوەشێک ڕۆحی چاند لە قوڵایی دەریا، هەناسەیان پڕ بوو لە یاقووت،

دڵیان، چەشنی با، شکابوو. با، لەو ژنانە دەچێت، کە هەمیشە چاوێکی هەیە بۆ ئاوڕ، دڵێکی هەیە بۆ سەبووری. بشیکوشی بای یەقینێک، نا، ژیندۆستی ناچۆڕێ لێی؟! تازەترین کتێب، کە هەموو بەرەبەیانێک دوو لاپەڕە، تەنها دوو لاپەڕەی لێ دەخۆمەوە، ئەو بەیانیە، دوو لەو کتێبانەم لە باوەشی با، بینیەوە، نەختێک وشەم خەست خەست، تێکەڵ بە قومێک ماناکرد، خواردمەوە، تامی زۆر لە شیعر دەچوو.

هاوڕێ.....

هێشتا خاك بۆنی غەریبی بەرنەدابوو دایکم بە تیچاوێک سەیری دواماڵئاوای ئێمەی دەکرد.ئێمە باوەشێک خەیاڵ بووین، کۆشێک خەون و مشتێ خولیابووین، بەبەرچاوی باوکەکانمان بیرەدا تێپەڕین. لەگەڵ هەناسەی مانگ بووین بەتریفە و کەوتینە دامێنی ژیانەوە، یاخیبووین، بووین بەدارێکی بێ بەر. لە حەوشەی نیشتمان بووین بە چاوێکی بێ ڕەنگ و لێوێکی بێ قسە و زمانێکی بێ وشە. چەند ڕۆژێکە، بەجووتێ پێڵاوی شەکەتەوە، بەبەردەمی نیشتمان تێدەپەڕین و فەرمووومان لێناکات. نیشتمان نامناسێتەوە، نایەتە پێشوازیم و چیتر نیگای نانێرێت بۆ دیدەنیم، چیتر نایەتە ماڵی ئۆمێدمان جارێکی دیکە روخساری نارژێتە، نێو باخچەی چاوەنواڕی. نیشتمان بەخیلی بە

پیاسەکانیشمان دەبات، دڵی زۆر ناسک بووە، جێگەی جانتای ئاشقانی تیانابێتەوە. ژنانێکم بینی، مەمکەکانی شیعریان لێ دەرژا. کتێبێکی سەرشێتم لە دەستی یار بینی، پڕی بوو لە چرا، پڕی بوو لە سەلیقەی ژیان. ئەو رۆژە شار ببوو بە باخچە، گوڵەکانیان خوناوی ماچیان گرتبوو. لێو قسەی کردوو زمان بڕا و چاوەکانمان پڕبوو لە رۆشنایی.

ئازیز گیان...... بەشێرکۆ بڵێن، ماتەڵی هەناسەدانێکین، بۆ خاتری منداڵێکی بێ نازی ئەفرینەکەم، زیندووبەوە و شیعرێکی درێژ درێژ بنووسە، بیدە دەستی پەری زادەکانی بەهەشتگەی هەڵەبجەییەکان، بەپشتی بوراقێک بینێرە، بیرت نەچێ وشەکان ڕەنگ بکە، زەنگوڵە و مرواری و مێخەك بخە ملیان و نەختێک لە خەنەیان بگرە، بۆنداریانکە بە گوڵە باخ، بە شەونم و نێرگز و هێرۆ و گوڵە عاجیلە. بێ کەسەکەم، بەساقەی دەست و پەنچە و قەڵەم و عەینەکەکەت بم، ماتەڵی شیعرێکی تۆین، ماتەڵی ئیلقا و ئیحا و دەنگتین. ماتەڵی وشەو ڕستە و قەسیدە و شیعرەکانتین. زیندووبەوە و هەرچی وشەی ژێر باخەڵی مێژوو هەیە بیخەرە نێو باوەشی خاك و شاخەکانی بکە شیعرنما و چەم و دۆڵ و بێستان و تاڤگەکانی دێڕ دێڕ قەد قەدیان بکە، هەناسەتی پێ پڕ بکە لە شیعر، بینێرە. ئەم ماتەمە، ئەم شیوەنە، بەبێ تۆ، چەند بێ کەس دیارە شێرکۆکەم.

بەو

بە مەسیح بڵێن،

فاحشەوە

ئەوەندە مەکر بەسەر خوداوە نەکات،

دابەزە و دوا مەشهەدی ئەو وەحشەتە تەواو بکە.

بیرەدا تێپەڕی............ وجود، هاوڕێ.

ئەو دەنگە دەنگە چییە، دەڵێی بوون سۆزی ڕژاوە، پێم ناڵێی بۆ ئەوەندە خەواڵوو، ڕێگای ئەم گەشتە دەخلیسکێنیە نێو پێڵووی چاوەکانت. پێمنەگوتی نیگەران مەبە وجود هێندەی نەماوە، لامباسنەکردی هەمووشتێک، تەنانەت خودی ژیانیش ئۆقرەیی تێدانەماوە. بیرمە، ئەو ساڵەی مرۆڤ تێر تێر پێکەنینی دەچاندوو، هێواش هێواش ئاگایی دەدووریەوە. بیرمە ئاسمان حەوسەڵەی تەماشاکردنی نەمابوو، ئەستێران، رادەمان لە کەوشەن. رامانهێنابوون، زۆر لەمە چیتر گۆرانیان دەچڕی. جیرەی دەرگا و پەنجەرەی ژیان کاسی نەکردوون؟ هۆ ، هۆ ، هۆ دەڵێی دەنگی تامەزرۆییت نووساوە، عەنتیکەیە، بەو درەنگانە چیتلەبوون داوە، بوون، دوو دەلاقەی کون کونی لەخۆ لوولدا، کاتێکزانی مانگ، نیگای رژاوە. مانگکەزانی بوونیش سۆزی ڕژاوە، دەتگوت ئاغایە، کتومت لەو سەربازەپلەدارەی خاوەنشکۆ دەچوو، عەینەن کرێکارێکە و کارڵ مارکس دوو عانە، دوو قورش، ی لەو تیسانە داوەتێ، کە دەمە وعەسران پشتی بە پشتی دیواری ئۆرشەلیمەوە دەدا. چ دەبوو تۆش بەو درەنگانی ژیانە پشوویەك لە نزیک دارهەنارێک بدەیت، هەناری ترش و شیرین، هەنار دەمی بوون دەپارزنێ، لێوی ژیان تەڕ دەکات. لەو جووتە هەنارەی سەر

سینەت، دانەیەکی ببەپێش دەمم، مژ، مژ دەیمژم، شیری، شێربوو، کە لەئانی ماڵئاوایکردنت نۆشمکردبوو، شەراب، شەرابی رۆمانە. هۆش و هۆشمەندیش چەرەزی نێو مەجلیسی شاهانە. ئەوەندەت بەسە، قەترە قەترە وشە بڕژێنمە دۆخی بێدەنگی. ئەوەش هیچ ناگەیەنێت، مادامەکێ نیگەرانی خامۆشبووە. عەجەب، نیشتمان ڕەنگی خووساوە، دڵی گەردی بێهۆشی گرتووە، بەبۆنی نیشتمان، مێژوو خەسێندرا. عەینەن تۆی، دەتگوت، باخەوان مەیلی سەما ڕنین دەکا، وای لەو سەمایە، قەدی ئەو دار هەرمێیە لاردەکاتەوە، لاریدەکاتەوە، پایز هاوسێیەکی درەنگ وەختبوو، کە هات سەرما دوا دێڕی سەفەرنامەکەی خستبووە گیرفانی هەتاو. سێبەری ئەو هەتاوەش، ئەو هەتاوەی سێبەری خۆی هەنجن هەنجن دەکات. لێرەبوو، هەرچی هەتاو، هەبوو لێرەبوو. کە هەتاو هات جوانەمەرگبوو، بوون. هەست دەکەم نۆرەی مردنم هاتووە، بۆیە لەمرۆوە دەست

بە سوتاندنی نامە بەتاڵەکان دەکەم، وشەکان دەخنکێنم بە مانا، هەرچی ڕەمز هەیە ئەیشکێنم بە گومان، دەستەجلێکی قەرەجیانە، دەپۆشم و لە نزیک ئۆرشەلیم، بەئاسپایی دوگمەی کراسەکەی حەوا دەکەمەوە، تا حەیای بچێ ئادەم، با نامووسی بڕژێ مێژوو. بە جووتێ پێڵاوی ئەرمەنی، دەکەومە سەر گیانی وجوود. بە مریەم بڵێن، ئەوەندە ناز بە پاکیزەییەکەیەوە نەکات. بە مەسیح بڵێن بەو خاچەوە، ئەوەندە مەکر بەسەر خوداوە نەکات دابەزە و دوا مەشهەدی ئەو وەحشەتە تەواو بکە. ئەو نوزە نوزە چیە، بەسەر منەوە دەکەی پێ دەخەمە ناو زامی جەنگەکانەوە برینەکان دەکوڵێنمەوە و با خوێن لە جەستەی تەوتەم فڕکەبکە، دەیقرچێنمەوە، ئابڕوی هەقیقەت دەبەم، گومڕایی دەبەمەوە مەعبەدەکان و نوێژ بەدیار کوفرەوە دەکەم فەسادی دەچێنم. ئای لە خۆمان خەنی، چەند جەنگمان لێوە جوانە، چەند بەبرینەوە کەشخەین، شەڕمان چەند لێدێت، دڵمان چەند بەخوێن خۆشە، ئولفەتمان پێوە گرتووە. خەنی خۆمان مەرگ چ هاوڕێیەکی بەلەزەتە، ئاخیری هەر دەمانناسێتەوە بە ئیبلیس بڵێن، بمان بووڕێت خەجاڵەت خۆمان، نەدەبوا بەرد بگرینە شکۆی، با تۆبە بکەین تا لێمان خۆشبێت. خودا دەنێرمەوە دۆخی جاران، دۆخی بێدەنگی، فەلسەفە دەکوشم و لوتی داڤنشی

پێ ڕەنگ دەکەم. بە نیتشە بڵێن، کەی خودا لەو هینە ماوە بیکوژیت. هەناوت پڕیەتی لە خودا، گوێت کاس نەبوو ئەی مرۆڤ، بێزارنەبووی لەو حیکایەتە بێ مانایانەی خۆت. سەبووریمان تەنها بە خۆمان دێت زەوقی گەمژەییمان لێ ڕواوە.

هاوڕێ ..... پێش، هەزار و نۆ سەدوو بیست و هەشت شەو بەرلەوەی، زەمین لاربێتەوە مەیلی حیکایەتێکی ڕەنگ تاڵی، روو خرخاڵ کە دەم و چاوێکی نزیک لە وێنەی کافور، بەژن و باڵا، لە شێوەی چنار وەك یەکەم ڕوانین، بێداری خستە دەروونی ئاسمان، بوونمانی بە بەرد داپۆشی، بەردی تەلاق، بەردی خاش خاش، بەردی ئەم خاکە، شیرین شیرینە. پێش دە ملیۆن مانگەشەو، کە تریفەی بە کەوشەنی عاسمانان ڕاکشێ، شکۆی لاربێتەوە، بەری نساران. جریکە جریکی کێشکان کاسیکات، گوێی ماسیان خۆر، تەمەنی زەوی قەپاندەکرد، ئادەم لە خەودابوو، کە بوو بە ئینسان. ئازادی، لە بنباڵی باڵندەکان هەستی پێکرا، پێش نیو ملیۆن دەمە و عەسران ئاسکە ئاویەکان، بیرەدا تێپەڕین.

ئـەوکـات، وریـایـی حەسـابۆوە، بـوون لەکـامەرانـی کـەوتبـوو. ئازادیش، ببوو بە نیگارکێش. ئازادی، گیرفانی خواپێداوەکانە. هـەژاران، لـە سـەربـەسـتی ڕادەمێـنـن. هێـز، لـە هۆشـیاری دەچەقـێ. ئـەم نـاوە، پـڕیـەتـی لـە بـازووی چێـنـدرا و لـە شمشـێری دوو قـەد. لـەم سـەرزەمینە، دەریـا لـەتـاو شـەپۆڵـی زریکـەی هەتـاو مەیلـی جەنـگ دەیبـا بـەڕێـوە. دەمـەو ئێـواران زەمـین، دڵـی شـەهید دەخاتـە نێـو ئینجانـەی نـەمری. پێش، دوانـزە ملیـۆن شـەممە هەرچـی ئاگـری وشکی باخچەی یەقین هەبوو بوو بە هەنجیری تاقەت پڕووکێن. ئـاوی ئـەم زەمینـە، هەنـاری بەخـت دەگـرێ، سێوی چاوەڕوانـی لـێ دەڕوێ.

بـە دەریـام گـوت: ڕۆحـی ئـەو هەمـوو کـۆچـە بـۆ کـوێ دەبەیـت؟!!. ئـەو هەمـوو دڵـە بـێ نیشـتمانە، ڕاپێـچـی کـام فارگۆنـی ژیـان دەکـەیـت. لـەکام جەنگـەڵ دایـان دەدۆشـی، بـە چ خـاکـێـکـی نەفرەتـی دەیانگوزەرێنیـت. پێـم بڵـێ، ئـەو هەمـوو نیگەرانیـە، بـە چ حیکایەتێـک خامـۆش دەبێـت؟!!. بـە چ ئاوازێـک، ڕایاندەچڵەکێنیت. دە پێم بڵێ، چارەنووسی ئـەم کـەشتیە، بـە کـوێ دەگـات؟!!.

عەجەب هاورێ....... هێشتا لەبیری خۆکوشتندام نازانم، لە کوێوە دەست پێبکەم. زۆر جار بیرم دەچێ، کە ئەمڕۆ دوا ڕۆژی خۆکوشتنمە بەداخەوە، ئەوە بیست و نۆیەمین جارە رادەمێنم لەخۆم، لە خۆکوشتن. چەندی سەیری خۆم دەکەم، وەکو ئەوەی هێشتا رانەهاتبم، موچرك، بە ئارەزووم دادێت دڵم خراپ بۆ ژیان لێدەدات من، کە خۆمم هەیە تێیدا بم بۆیە، هەوڵدەدەم نهێنی خۆکوشتنەکە بپارێزم. چاوەکان نازم بەسەرەوە دەکەن، پەنچەکانم گوڵی تامەزرۆییان لێ رواوە. نێوانم لەگەڵ خۆم باشە، نازانم ئەو کەڵکەڵەی خۆکوشتنە لە کوێ هات، زەرد زەرد هەڵگەڕاوم. ئەو رۆژە، منداڵەکانم ماچکردوو نامەیەکم بۆ هاوژینەکەم جێ هێشت، لێم نەنووسی بوو، کە خۆم دەکوژم. پێمخۆشنەبوو کەس بەو نهێنیەم بزانێ. شەو ویستم شتێک بڵێم، بەیانی وێڵم کرد، هەرچی قسەی نێو خەیاڵم هەبوو. زۆر جار بەخۆم دەڵێم، دەبێ کات بۆ خۆکوشتن مابێت.؟!

بە دەریام گوت:

ڕۆحی ئەو هەمموو کۆچە

بۆ کوێ دەبەیت؟!!.

ئەو هەمموو دڵە بێ نیشتمانە،

ڕاپێچی کام فارگۆنی ژیان دەکەیت.

لەکام جەنگەڵ دایان دەدۆشی،

بە چ خاکێکی نەفرەتی دەیانگوزەرێنیت.

پێم بڵێ،

ئەو هەمموو نیگەرانیە،

بە چ حیکایەتێک خامۆش دەبێت؟!!.

# باشوری ژیان

سارا ......

ئەمە چ روانینێکە، چ خلوودێکە، رژاوەتە بەر تریفەی نیگات. ئەوە چ قسەیەکە، چ حزورێک، چرۆی چ فەنابوونێکە گەڵاکانی خستۆتە هەنیسکت. ئەی، نیگاری رەنگ رەنگینی بەر دڵان، تاقانە گوڵ، ماجەرای شەوڕەوی غروب، حەزینترین کۆچ، دڵشکاوترین مەل، ئەمە چ جنوونێکە فڕیوەتە بەر هەیوانی تامەزرۆییت؟!!.
چ مەعبەدێکە، وا نوێژەکانی لە زیکری خوا کەوتوون، ئەمە چ خاچێکە، هیوای لێدەچۆڕێت. ئەمە چ تەماشایەکە، بە گەردەنی سەفەرت نووساوە، چ کەشتیەکە، هەناسەتی پڕ لە غروری

یەقینکردووە. ئەوە چ ئایندەیەکە، قورسایی بوونتی هەڵگرتووە. دە تەماشا، ئاویش تینوێتی بە بینینت دەشکێت، ئەی باڵندە کۆچەریەکەم. تەنیاییت، چەند لە من دەچێت. ڕۆشناییت، چەند لە دڵی یار دەچێت،. جەماڵت، چەند لە ئاو دەچێت، نازت، چەند لە ڕۆمانە تەواو نەکراوەکەی عیسا و بزەکانی یوسف دەچێت. چەند بە ویقاری، چەند شیک و نازداری. چەند، دولبەرانە دێت و دەچێت، هێندە تامەزرۆیانە تێت دەڕوانم، بینینم کاڵ بۆتەوە، تەمی تەنهاییت، خەریکە بەردەبێتەوە ڕوخسارم. ئەمە چ غرورێکە، دانە دانە کراوەتە تاج و وەك شاژن بە ئاسمانەوە هەڵواسراوی. ئەمە چ نیگایەکە، بەردەبێتەوە کۆشی زەوی، ئەمە چ نازێکە، ڕژاوەتە سەر گۆنای هەتاو. ئەمە چ تقووسێکی سەرمەدییە، لێوی سەرابێکی پێ تەڕنابێت؟!!. بۆ خۆت ، هەر بەم ئاسمانەوە، سەمای جاویدانی لەتەك ئەستێران بکە. بۆ خۆت، هەر بەم تاقی ئاسمانەوە، خەون بە لەتەکەی دیکەتەوە ببینە، ئەی مانگ، ئەی سۆرە گوڵەی ناو باخان و تاقە یار، دەی، قژت کەزی کەزی، بەردەوە و با دەریا ، شەرم دایگرێت و چیتر جوانیت لێڵ نەکات، چیتر ڕوخسارت نەشواتەوە. شکۆی ئەم ئاوابوونەت، سیحری ئەملار و لەنجەیەت، سۆراوی ئاڵی دوولێوانت، بازن و خرخاڵ و ملوانکەی گەردەنت، چەند لێجوانە.

سارا ......هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشنا نەبووم بەری درەختێک چەمایەوە تا قوڵایی دەریا. هەرگیز، بڕوام بەم هەواڵە نەبوو کاتێک دەریا سینگی ئاوەدانی بۆ ئەستێرەکان ئاوڵاکرد. هەرگیز، لە چاوەنواڕی ئەم وەڵامەدا نەبووم کە کەمەری درەختەکان سەمایان بە شەبەنگی وەرزەکان دەکرد. دەزانم هەرگیز پەپولەکانی بەر «با» ئۆقرەناگرن ئەگەر بن رووبارێکی قووڵ لەگەڵ نیگایی روانینێک بە ناسکییەوە لە دووری تابلۆی چاوەکانی نەڕوانێت. ئەی، خولگەی چاوەنواڕی ئەی، باڵداری بەر تریفەی مانگ، ئایا کەس دەپڕژێتە بەر پڕشنگی نیگات؟!!. یان کەمێک نەهێنی ببەحشێ بە «با» دەکرێ، ئەوسا لە سەمای درەخت بگات. هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشنا نەبووم لە ئەلبوومی گەڵای ئەم درەختە چاوەکان نابینان. کەسێ نییە سیحری چاوەکان بەتاڵ بکا، هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشنا نەبووم بەری درەختێک چەمایەوە تا قوڵایی دەریا.

سارا ......چ دەبوو، هەموو ئێوارەیەك، لەگەڵ خواردنەوەی قاوەیەك، لە کافێکەی بەردەم ژورەکەم، دوو خولەکت بۆ منیش تەرخان کردبوا. دوو مانگە دێت و دەچیت، نەتپرسی ئەم کوڕە بۆ هێندە سەیرم دەکات، ئەم تەماشایە چییە، خەریکە ناخۆشی

دەکات، پیس ئاوڕ دەداتەوە، دەڵێیی ژنی نەبینیوە، بە دوو قاچ و دوو دەست و سەرێک و جەستەیەك، کە دەڵێیت دوا جەنگاوەرە و لە جەنگی حەوت براکان گەڕاوەتەوە، عەنتیکە سەرەدیقانێ لەگەڵ چاوو لوت و قژ و گوێم دەکات. سارا، دەبوا پرسیار لەم هەموو تەماشایە، لەو هەموو ئاوڕە، لەم هەموو چاوبڕینە بکەیت. سارا، دوو مانگە پەڕپەڕ ڕۆژەکانت ئاوا دەکەیت و وشەیەکت نەدرکاند، بە کۆڵێک کتێبەوە، هەر کتێبە و بە دونیایەك حیکایەت و دەریایەك غرووڕەوە، بە جانتایەکی پەمەیی و بە جووتێ پێڵاوی ماندوو، لێرەوە، ئا لەو کۆڵانە تەسکەی غوربەتەوە تێدەپەڕیت، ئاوڕ لە هیچ مەشهەدێک نادەیتەوە، دەڵێیی مێژوویەکی و گاڵتە بە ڕووداوەکان دەکەیت. ئێستاش هەردەڵێتەوە، ژیان هیچ شتیکمان فێرناکات، جگە لە ئەزموون نەبێت، ئەزمون هیچ نییە، جگە لە دووبارەکردنەوەی خەونی بەرامبەر نەبێت.  سارا بە دوو قاچەوە ئەو مێژووە زەبەلاحە بۆ کوێ دەبەیت، هەزارپێش ناتوانێ هەڵیگرێت، تۆ بەم جەستە نووساوە بە زەوی، چۆن دەتوانی بەردەکانی ناو ئەم مێژووە بخەیتە سەرشانی چەپتەوە، لەوەتەی هەی، بە شانی چەپتەوە دونیایەك شەکەتیت هەڵگرتوە. دەهاتی بە ئەنقەست بێدەنگیت دەخەواند، کامەرانیت دەخستە پاکەتێک و لەگەڵ پێکێک تەنیایی لێرەوە تیدەپەڕیت و پیاسەکانت غلۆر دەکردەوە بۆ ئەو دیوی کۆڵانەکانی غەریبی. نوقمی

خۆت ببویت، گومانت دەبرد بەو باڵندانەش، کە سێبەرەکانیان ناوە ناوە دەکەوتنە سەر روخسارت، دەم و چاوت پڕکردبوو لە نیگەرانی، هێندە درەنگ دەردەکەوتی سێبەری خۆت لێ ونببوو، بە گژ خۆت دادەهاتی، پێڵاوەکانت توند بە خۆتەوە نووساندبوو، دەترسایت ئەستێرەکان لەگەڵ کاروانی کۆچەریەکان بیبەن.
هەردەهات و دەچوی، رۆژێک رێکنەکەوت، لە نزیک بەلەکۆنەی چاوەنواڕیم بوەستیت، بە باوەشێک ترس و گومان و دڵەڕاوکێوە بیرەدا تێپەڕیت، ئەمە ئەو میراتە نەگبەتییەیە، کە بەردەوام لە گیرفانی زەمەن دەتکێ. سارا ئەم جۆرە وەستانە، زۆر شتیان پێیە بۆ گوتن، دەتەوێت شتێک بڵێیی، کە تا ئێستا هیچ کەسێک نەیگوتبێت، کەس خەیاڵی بۆ نەچوبێت. دەتەوێت یادەوەریەکانت فڕێ دەیە ناو ماڵی خوداکان، ئەو خودایانەی هەمیشە وەك ڕێبوارێک سەیرت دەکەن، ئەو خودایانەی جگە لە بنمێچی مەعبەدەکانیان دۆستایەتی هیچ مانگەشەوێک ناکەن. سارا، ئەوە روخساری تۆیە لە نزیک ئینجانەی بەختم ئەدرەوشێتەوە، ئەوە بزە و شانی چەپی تۆیە سەما لە نێو ژوورەکەم دەکەن. دەی شەوقی ئەو غرورەت بڕژینە سەر سەرینم، دەی ببارە ئەم تەنیاییەم تێر ئاو بکە، تەڕ تەڕمکە و نزیکم کەوە لە پشکۆکانی دووریت، لە بەر هەتاوی سۆزت، وشکم کەوە، سارا.

غەریبەیەک دەناسم،

سیمای لە پێکی شەرابی دوای مەست بوون دەچێ،

سەما لەگەڵ زۆربای دڵی مندا دەکات،

کراسەکەی عەتری لێ دەتکێ، وەک شەونمی دوای باران،

هەمیشە بە تەنیشت ژیانەوە ئەدرەوشێتەوە.

ئازیز گیان...... تاویٚ لەژیٚر سیٚبەری مەرگ ڕاکشام وتاویٚ پیٚش لە دایک بوونم ویٚنەی ئەستیٚرەیەکی ئەندیٚشەدارم لە تۆدا بینی. ئەوکات جەستەت تەماوی بوو، مات وەك نووزەی شەپۆلی لیٚواری کەشتی. کاتیٚ لە چاوی ئەستیٚرەکانت دەڕوانی کەسیٚ نەبوو سەیرت بکات «با»ش هیٚشتا نەگەڕابۆوە تۆ دەگریای، پیٚدەکەنی. پیٚکەنینەکانت باڵندەکانی خستبووە جریوەی بیٚزاری، ئەو دورگەیەی شەویٚک بە دیار گریانتەوە دانیشتبوو، ئەمڕۆ سەرقاڵی گۆڕینی شیٚوەی منداڵە مردووەکانە، منیش لە نزیکترین کەناری بارانیٚکی تەماویدا، جەستە و گیانم ڕاکشابوو، ئەوکات دابڕانیٚک لە پەنجەرەی چاوت بەدی دەکرا، وەك روخساری هەتا و بیٚدەنگ بووی، نەتدەزانی کامە شەوە بەڕووتدا پیٚدەکەنیٚت، بەڵام شەوەکان خەونەکانتیان دەپشکنی. لە تۆدا  دەریا تەنیایی دەنەخشاند، تۆش بە دڵنیاییەکەوە پەلکی ئەستیٚرانت دەوەراندە ئاگاییت. شاخە بەفرینەکان تەنیایان کردی، لەشەودا تەنیابویت، بەڕووی کەشتیەکی بیٚ ئامان سەرکەوتی. ئەودەمە سیٚبەر کە نوقمی جەستەت بوو، لە نزیک بیٚداری خۆت، ڕەنگی مردنت لیٚنیشتبوو، بەڕووی دەریا پیٚدەکەنیت، کە شەپۆلیٚکی ژاناوی بوو. خۆت بازدەدایە نیٚوان دوو سیٚبەر، دوو ئاسک، یان درەختیٚکی سەوزت چنگ دەکەوت، یان بە

نێوان تەپۆلکی هەورێکی زیویندا تێدەپەڕی. لەوێ چرا رووناکی دەدا بە هێڵی کاتژمێرەکانەوە، باڵندەکان بەرە وکەشتی دێن، دارستانەکان ئۆقرەی سەمایان نەماوە. ڕازێک، نیوەی سێبەرە و نیوەکەی دیکەی دەریا. ڕازێک، لەسەر بەفر پێدەکەنێ و یاری بە پەنچەی منداڵ دەکات. چارەنووس، ڕەنگی ئاوی لێنیشتوە. چارەنووس، بەسەر حەوشە زەمەنئاویەکەدا، وەك كفنێکی ئاڵ دەڵێی نووشستیەکانی تەمەنی دەگێڕێتەوە. کتێبێ، دەمژمێری دوور لە پرسیار، پرسیاری زەنگن ڕادەوەستێ، ئەمە قەدەری شانۆیەکە، دوا پەردەی گەشتێک بوو بە نێو مەتحەفێ دەریادا!!.

سارا ..... ئێمە دوو موسافیری تەنهایین، ئەو لە ئێوارەیەکی شکاودا سێبەرەکەی لێ وندەبێ و پیاسەیەك بۆ دڵنەوایی ڕێک دەخا. بەدەم خواردنەوەی قومێک غەریبی دوو جگەرە، ئەوەی من بۆندارو و ئەوەی خۆشی لە تووتنی سپێشەڵی (پاریس)یی دەخاتە سەر مێزەکە و لێوەکانی دەنووسێنێت بە جگەرەکەوە، جگە لە نەرمە بای سەر روبار، کە دڵی وروژاوە کەسێ نییە نیگای لاركاتەوە. مێزەکەمان، پڕی بوو لە دەنوکی باڵندە، لە وردە مۆم، لە شەهوەت. من لەگەڵ مژینی جگەرەکەی خەیاڵ دەبم، باوەش بە دووکەڵی سەر روخساری دادەکەم، غەریبیم فێنک و غوربەتم وشک، وشک دەبێتەوە.

هاوڕێ ..... غەریبەیەك دەناسم، هەموو دەمە و عەسرانێک، پێش گەڕانەوەی کۆترەکانی غوربەت بەبەردەم ژوورەکەم تێدەپەڕێت. وەك ئەو باڵندانەی زەوقی باڵەفڕییان نەماوە لە تەك سێبەری کەنارەکانی شەرمدا حەزی پیاسەیەك، دەیگەیەنێتە ئەودیوی خولیا. غەریبەیەك دەناسم، چارەنووسی بۆنی غەریبی گرتووە، سیمای تێکەڵ بە حیکایەتی ئەو ژنانە بووە، کە ورد ورد مەراقەکانیان بە یەئس کەزی دەکەن. ئەو، هەموو دیوانەکانی لە شیعرێک کۆکردۆتەوە، ئەم ڕۆژە، قەسیدەیەك لە نێو جانتای شەکەتییەوە جێمابوو، بە زمانێکی پەرت نووسرابوو زۆر هەوڵمدا بیخوێنمەوە، دەمێک، لەبەر ئاوێنەی دڵرامگرد، گوتم: ئەوە خوایە لێی تێبگەم ئەو زمانی لە ئێمە ناچێ، وشەکانی لە گیا، لە ئاو، لە شەراب داتاشراوە. ئەو، لێوانەی ئەو جیایە لەکاتی ماچکردن، دەترسم لێوەکانی بڕژێت هەمیشە نیگەران، بە تەنیا دەبارێت. بارینی وام، لە هیچ وەرزێک نەبینیوە. کەسێک لێرە تێپەڕی، سیمای تێکەڵ بە روفاتی گوڵە عاجیلەکان ببوو، بێزار دەتگوت بەدیار تێپەڕبوونی تەمەنی ژوانیگرتووە، حەوسەڵەی سڵاوکردنیشی نەبوو. غەریبەیەك دەناسم، وەك تارمایەك دێت و دەچێت. ئەیبینم لە نێوان شەقامە لاتەریکەکانی چارەنووس، لە لێواری مێژوو، قژەکانی بە باران سپارت. لە هیچ ناچێت، دەڵێیت

لەتە شکاوەکەی دڵی منە سەفا و مەڕوایەتی، هەناسەی پڕ پڕە لە شەوەزەنگی ئاشقان. پڕە لە تەنیایی، ئێستاکە قاچەکانی ئۆمێدی ڕۆیشتنیان سپاردووە بە قەدەر. ئاخۆ چ وشەیەك، توانای هێورکردنەوەی ئەم حیکایەتەی هەیە. حیکایەتێک، بێ ئەوەی مەرحەبای هەتاو بکا، شەکەت بوو. پێش ئەوەی ژنانی گەڕەك، بیکەنە دەستماڵ و لە ئاهەنگی پەپولەکان شایی و لۆغانی بۆ بکەن، ونیانکرد. غەریبەیەك دەناسم، درەنگانێ، نیگایەکی شەرمنانە دەخاتە نێو نامەیەك و فرێیدەدا. هەموو ئێوارەیەك، پێش کۆچی هەتاو زەرفی نامەکەی لول دەدا و وشەکانی بە لێواری دامەزرۆییم هەڵدەواسی. منیش لە مەراقان، پیس ئەشق دەیگرتم. غەریبەیەك دەناسم، بەدەم ئیشتیاقی سەفەر، لێرەوە، لەم نیشتمانی غەریبیەدا هەموو سپێدەیەك بەدیار بزەی هەنارێک، مۆمێک دادەگیرسێنێت. ئەم ئێوارەیە، کەس لە ماڵ نەبوو، بێ ئەوەی ئاگر لێوی بە لێوی گەرمایی بکەویت، مۆمەکەی لە لێواری تەنیایی دانا. غەریبەیەك دەناسم، سیمای لە پێکی شەرابی دوای مەست بوون دەچێ، سەما لەگەڵ زۆربای دڵی مندا دەکات، کراسەکەی عەتری لێ دەتکێ، وەك شەونمی دوای باران، هەمیشە بە تەنیشت ژیانەوە ئەدرەوشێتەوە.

# چەقی ژیان

# ژووری 1

مەرجانەخاتوون، لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا خوازبێنی کرا، ئەم هەواڵە نەک گەڕەک تەواوی شاری تووشی شۆککرد، ئەم باس و خواسە، کە سەرەتا لەدەمی روقیەخانی کچی دەروێش عەوڵلای چامچییەوە خرایە بەرگوێیان و لەوێشەوە بۆ ئەو دەم و ئەو زوبان دەنگۆی بەنێو شار و شاران بڵاوبوویەوە. مقۆمقۆی ژنان و توانجی قەیرەکچانیش لەولاوە بوەستێ، کەس قسەیەکی چاکی لەدەم نەدەهاتە دەرێ، پیاوەکان لە ژنەکان و ژنەکانیش لەوان خراپتر بوون بۆ قسەوقسەلۆك و بگرە بوختانکردنیش. ئاخرخوازبێنیەك ئەوەندە ئەوەندەی دەهێنا، خەڵکی خۆیان لەسەر خراپ بکەن. ماڵی مەرجانەخاتوونیش ئاوابێت، جوانیەکەی ژن فریو دەدات چ جای پیاو، برای خۆی ئەشقی دەبوو، بەوتەمەنەوە تۆ ئەوەندە ئاغاژنانە دەربکەویت، ئاخر ناهەقی نییە تا ئێستا شووی نەکردووە؟!! نابێ کەسێک، پیاوێک لایەقی ئەو شاژنەبێت. بنەماڵە و خانەوادەی بە ناو و ناوبانگی ئەوتۆ دەهاتنە خوازبێنی، کە پیاو هەبوو کچی خۆی بەبەرگی بەری پێشکەشدەکردن، بەلام ئەو هەر قسەی یەك بوو نەیدەکردە دووان، کەللەی قسانی زۆر رەقبوو، لە

روخسارێدا مەرجانەخاتوون بەو کچە رەوشتخراپانە نەدەچوو، کە لەگەڵڵەی شەیتانی نەهێتەخواری؟!! کەسێکی زۆر نەرم و نیان و بەرێز، باوکی بە کچە خاتوون و پایەدارە و سەنگین ناوی دەبرد، هەرچەند خوێندنی تەواونەکردبوو لە پۆلی دووی ئامادەیی وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام خوێندن و نووسینی زۆر باشبوو، کتێبخانەیەکی بچوکی لەماڵەوە هەبوو، جگە لە دیوانی شاعیرانی وەك وەفایی و بێکەس و مەولانا و پەشێو و چەندان کتێبی دیکەشی لێبوون. دەڵێن: مامۆستایەکی خوو خراپی هەبوە و رۆژێک دەبێتە دەمەقاڵیان مەرجانەخاتوون، لەو رۆژیەوە دڵی لە خوێندن و قوتابخانە دەرەنجێت و ئیدی ناچێتەوە بەرخوێندن، مامۆستاکەشی کە ناوی ئەڵماسی کچی مەحمودە فەندی تەربیەیە، باوکی ئەڵماس خان، لە ناوەراستی ساڵی شەستەکانی سەدەی بیست لە شاری سلێمانیەوە دێتە شاری هەولێر، بەپلەی فەرمانبەری گشتی لەپەروەردەی هەولێر دادەمەزرێت، کەسێکی زۆر بە زەبر و توندبووە لە کاری فەرمانبەریەتیەکەیدا، ئەوەندە گوێرایەڵی میری و ئەرك و فەرمانەکانی دەوڵەت بووە، یەك کاتژمێریش دوانەکەوتووە لە ئەرك و دەڵێن، باوکی مردووە، لە کاتی پرسەکەشیدا ئیش و کاری خەڵکی راپەراندووە، کەسێکی سەیر بووە، لەبەر ئەو

ڕەوشت و ئاکارەیەوە دوو جاران لەوەزارەتی پەروەردەی بەغداوە سوپاس و دەستخۆشانەی بۆهاتووە، بۆیە بەناوی مەحمودە فەندی تەربیەی ناسراوە. ئەم مامۆستا ئەڵماسەش بە ڕەوشت و هەڵس و کەوتیەوە دەگێڕنەوە چۆتەوە سەرباوکی لە گوتنەوەی وانە لە پۆل و قوتابخانەدا کەسێکی بەپەرۆش بووە، هەرئەوەش وایکرد لەگەڵ مەرجانەخاتوون بەریەکبکەون و مەرجانەخاتوونیش خوێندن و ئایندەی خوێندنەکەی لەسەر دابنێت. هەرچەندە دەڵێن: ئەڵماس خان چەند جارێک دەچێتەوە ماڵی مەرجانەخاتوون تا دڵی ئاشتکاتەوە و پاشگەزبێتەوە و بگەڕێتەوە قوتابخانەی، بەڵام مەرجانەخاتوون سڵینەکردۆتەوە و ئیدی نەگەڕاوەتەوە بۆ خوێندن و قوتابخانە.

ئەوەندەی داخوازیکارانیشی بەدڵساردی گەڕاندۆتەوە، خەڵکی ئەم داخوازیەشیان هەر بەنەخێر لای مەرجانەخاتوون لێک دەدایەوە، ئاخر ئەو چەندین داخوازی هاتووە، ئەوە لە چ کاتێک، کە تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵانە دەبوو، کە جوانی و قەشەنگی ئەو لەو کاتە شەڕی لەگەڵ مانگ دەکرد. گوڵەکانی سور و لێوەکانی وەك هەنار تەڕ تەڕ دەتگوت تازە گەڵای ماچیانگرتووە ئەدرەوشانەوە، تازەش شوو ناکات.

# ژووری 2

ماڵی مەرجانەخاتوون کەوتبوە ناوەڕاستی کۆڵان، کۆڵانەکەیان جیاوازتر لە کۆڵانەکانی دیکەی گەڕەك لەبەرچاوان دەردەکەوت، لەبەرچاو و دڵی کوڕەگەنجەکانی گەڕەکیش هەر زۆر جیاوازتر خۆی نیشان دەدا، ئەو کۆڵانە هەر کۆڵانێک نەبوو، دونیایەك بوو لە پەری، لە باڵندەی ڕەنگا و ڕەنگ، لە باخێکی لێوان لێو لە کچی جوان، مێرگێک بوو لە بەهەشت، چەندان کێژۆڵەی جوان و تازەپێگەیشتووی لێبوو، باخی سینەی هەریەکێکیان دوو هەناری گرتبوو، بۆیە پێیان دەگوت گۆڵانی حەڤدە، حەڤدە کچی ئاسکئاسای تازە پێگەیشتووی لێبوو.

زیاد لە ٢٠ ساڵە مەرجانەخاتوون بەتەنیا دەژیت و لەوێ ڕۆژیەوە شنەبای خوازبێنی بەر چارەنووسی مەرجانەخاتوون نەکەوتووە، ئەم بێ پیاویەی مەرجانەخاتوون لای ژنانی گەڕەك ببوە مەتەڵ و بنێشتەخۆشەی قسان و جارجارەش قسەوباسی گەرمیان. دەبێ تۆ ئەوەندە جوان و ناسک بیت و پیاوێکیش نەبێت دەست بۆ ئەوجوانیەت ببات، ماچی دوولێوانت نەکات و

مـژی ئۆخـەی لەگەردەنت نـەدات، ئەمـە قسـەی ئـەو پیرەژنەیـە کـە نـاوی شـەرمینە و ٦ سـاڵێکە هاوسـەرەکەی بـە کارەساتی ئۆتۆمبێـل گیانـی لەدەسـتداوە، هـەر لـەو کۆڵانـەی کـە ماڵـی مەرجانەخاتوونی لێیـە ماڵـی ئەوانیشـی لێیە، بەهۆی جل و بەرگ دوورینـەوە هاموشـۆی ماڵـی مەرجانەخاتـوون دەکات، ئێوارەیـەك دەچێتـە لای مەرجانەخاتـوون و ئیـدی دوای سـەلام و بەخێرهاتـن، دێتـە سـەر جـل دووریـن و پاشـان چـی لـە دڵـی هەبـوو هەمـووی بـۆ مەرجانەخاتـوون هەڵرشـت.

+ کـچ بیـت و لـە ماڵـی باوکـت بیـت زۆر باشـترە نـەك بیـوە ژنێـک بیت، بێ پیاوی زۆر زەحمەتە، نازی منداڵ و بژێوی ژیان....

مەرجانەخاتوون نەیهێشت قسەکە تەواو بکات.

_ بەڕاستی وایە، بەس هەرچۆنێک بێت ئەوە ژیانە؟

+ بەڵـی ئیـدی ژیـان وایـە، ( شـەرمین دەیەوێت بـەو قسـانە لـە مەرجانەخاتـوون بچێتـە پێشـێو لـە نهێنیـی ئـەو شـوونەکردن و خوازبێنیـەی ئێسـتای تێبگـات). بـەس بێوەژنیاتیـش هەنـدەك ناخۆشـە؟

_ ناخۆشـە بـەلام لەسـەر مرۆڤـەکان پێویسـتە ئارامیـان هەبێـت.

+ (بەپێکەنینەوە ) چاوەڕوانی و ئارامیش سالێک و دووساڵ؟

ـ چییە شەرمین پێدەچێت حەزت لە مێرکردنەوە بێت؟

+ (بە شەرمەوە) ناوەڵلا بەس ئەواش ناخۆشە؟

ـ من لەو نیگەرانیانەی تۆ تێدەگەم، بەس خۆ مێردکردنەوەش کفر نییە.

+ چیت لێبشێرمەوە بۆ من بۆتە کفر و گوناە؟ماڵی خەزورانم ناهێڵن شووبکەمەوە و دەڵێن ئەو سێ مندالە بەخێوکە باشترە.

ـ جا ماڵی خەزورانت چ پەکیان کەتییە، ئەوان بێ مێردن یان ئەتوو ( بە پێکەنینەوە). ژن کە مێردی ویست دەیەوێت؟

+ (بۆ شەرمینی دەرگا بوویەوە) باشە خۆت بۆ شووناکەیت، (بە زەردەخەنەوە) دیارە ئەتوو مێردت ناوێ، (بەم قسەیە شەرمین هەستی بە خەجاڵەتکرد) بۆیە وتی: داوی لێبوردن دەکەم مەرجانەخاتوون ئەو قسەیەشم لە رووی تۆشکرد، بێ ئەدەبی بوو ها؟

ـ نا بوراوی، بەس بارودۆخی من جیایە؟

+ بۆ جیایە، ژن و پیاو هەر نابێت هاوسەرگیری بکەن؟

ـ من تازە پیربوویمە؟ (بەزەردەخەنەوە)؟

+ ماشائەڵلا ، ماشائەڵلا کچی چواردەساڵیش لە جوانی و ناسکی ناگاتە تۆ، ئێستا سەرەتای تەمەنتە، (ئەوەی تۆزێک بە بەخیلیەوە گۆت).

ـ شەرمین قسەکت پێ بڵێم من لە تەمەنی ٢٠ ساڵی شووم نەکردووە، تازەش بەو تەمەنەوە مێردم بۆچیە، نایکەم.

+ (نەیدەویست بڵێت بەس قسەکە قاڤ هات) ئەدی ئەوە لەسەرخێران داخوازیشت هاتییە، بیکە و تەواو؟

ـ داخوازی چی، من شتیوام نەزانییە و ئاگاشم لەهیچ نییە؟

+ (بۆ ئەوەی لێیی نەپرسێت کێ ئەو هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە) ئەمنیش هەر لەدەمی منداڵ و ژنانی کۆڵان گێم لێبوە؟

ـ (سروشتی مەرجانەخاتوون وایە زۆر بەدوای قسەو قسەلۆکان داناچێت،) وتی: خەڵکی بۆ خۆی قسان دەکات، راستبێت درۆبێت هەقی نییە؟

ـ ( هیچی دەست نەکەوت، بە پێکەنینەوە) مادامەکێ مێردەکی بۆ ئێمە ببینەوە؟

+ (بەخۆشیەوە) بەسەرچاو شەرمینخان، هەر مێردێک هەزار پیاوت بۆ دەبینمەوە.

ـ دەی با لەوە زیاتر کاتت نەگرم، تۆش ئیشەکەت بکە و جلەکانیشم زوو بۆ تەواو بکە؟

+ ئەمەشیان بەچاون، (بە دڵێکی خۆشەوە) فەرمانت بەجێیە شەرمینخان؟.

ـ دەی جارێ خوات لەگەڵبێت.

+ خوات لەگەڵ

# ژووری 3

مەرجانەخاتوون، خانوەکی لەباوکی بۆ بەجێ ماوە، نزیکەی تەمەنی ٢٠ ساڵان دەبوو، کەماڵیان هاتۆتە هەولێرێ، ئەوە ٣٣ ساڵی تەواوە لەو خانوە دەژیت، باوك و دایکی دەمێکە مردوون، لەتەنیا برایەك و پورێك زیاتر کەسی دیکەی نییە هامووشۆی بکات، براکەی لەو گەورەترە و دوو ساڵە بەهۆی نەخۆشیەوە لە جێکەوتووە، پورەکەشی لەبەر سەرقاڵی بەماڵ و منداڵەکانی هەفتانە یان دوو هەفتەجارێك دێتە لای، مەرجانەخاتوون هێشتا کچە و مێردی نەکردووە، تەندروستیشی گەلەك باشە، بۆیە ئەگەر بێکەسیەکەی نەبێت، کە بۆ ئەوە بۆتە مایەی نیگەرانی، ئاخر تەنهایی و ژیان بەتاقی تەنها لە خانوویەکدا لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە بۆ پیاوان قورسە و قسە و قسەلۆکی خەڵکیش لەولایە، ئەدی بۆ کچێك، کە نزیکەی ٢٥ ساڵە بەتەنها بژیت لە ماڵێکدا دەبێ چەند سەختبێت. هەرچۆنێك بووبێت ژیانی گوزەراندووە، بێ ئەوەی پێویستی بەکەس هەبێت، خۆی لەماڵەوە جل و بەرگی ژنان دەدوورێت و ژیانی خۆی پێ دەگوزەرێنێت، هەر بۆیەشە پێیانگوتووە، خاتوون، بەڕاستی خاتوون بووە دەست ڕەنگین، پاك و

خاوێن، ژنان و کچانی گەڕەك هەر لەبەر ئەو خاتوونیە و دەست ڕەنگینیەی جل و بەرگی خۆیان لای ئەو دەدووری. ماڵەکەشی وەك خۆی پاك و خاوێن بوو، خانوەکەی، کە لەباوکی بۆی بەجێماوە، لە دوو ژورو حەوشەیەکی گەورە و چێشتخانەیەك و گەرماوێک و ئاودەستێک پێکهاتووە، باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار و دارهەرمێیەك و پرتەقاڵێک لەنزێک دەرگای خانووەکەی هەڵبڕیوە و جوانیەکی بە حەوشە و دیوی ژوورەوەی خانوەکەداوە، هەرکەسێک بۆ یەکەمجار بێتە ئەو ماڵە تێدەگات خاوەنەکەی چەند هۆگری سەوزایی و گوڵ و باخە، دەگێڕنەوە لە ناوەڕاستی ساڵی هەفتاکانی سەدەی بیست، لە ئان و ساتی کارەسات و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول خانەوادەی مەرجانەخاتوون لەگەڵ زۆرێک لە خێزان و خەڵکی کوردستان، لەترسی تۆپبارانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەوانیش ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن و لە ئۆردوگایەك بۆ چەند مانگێک بەناچاری دەمێننەوە، مەرجانەخاتوون لەو دووریە و لە ئاوارەییدا چەند چیلکە دارێک و چەندان نەمام لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە. هۆگری گوڵ و دار و سەوزایی بۆ مەرجانەخاتوون ببوە ئیشق، ئەوەندە دڵی بە گوڵەکانەوە خۆشبوو، زۆرجاران گوێت لە دەنگێک دەبوو، یان هەستت دەکرد لێوی بۆ قسان وەك دووباڵی کۆتر لێک دەدا، تا

باش لێیی نزیک نەبایتەوە، نەتدەزانی ئەو بە زمانی گوڵەکان قسە دەکات، ئەو گفتوگۆ لەگەڵ دارەکان دەکات، نەك تۆ، دایکی مەرجانەخاتوون، دەیگێڕایەوە بۆ خزمان و کچانی کۆڵان، دەیگوت ئەو کچەی من رەنگی وەك گوڵەکانی لێهاتووە، فێری زمانی ئەوان بووە، شەوان وڕێنەدەکات و بەشێوەیەك قسان دەکات من تێیناگەم، هەستێکی سەیری هەیە بۆ گوڵ، ناوی یەك بەیەکیان دەزانی، ئاخر هەر ئەو گوڵانەبوون، نەیهێشت شووش بکات، چەندجار خوازبێنی دەهات و لەولایە بەهانەیەکی دەهێنایەوە و رازی نەدەبوو، تا وای لێهات خەڵکی دەیانگۆت ئەو کچە ئاسایی نییە، لە مرۆڤ ناچێت هەمیشە لەگەڵ دار و گوڵەکان قسەدەکات و بەدەم گەڵا و رەگەکانیانەوە خەیاڵ دەبیانەوە، رامانێک رادەمێنێت، وەك راوچییەك بۆ نێچیرەکەی چۆن سێرەی بۆ دەگرێت ئەوها لە باخچە رادەمێنێت. زۆر جار خەیاڵی دەڕۆیشت، بیری لە زۆر شت دەکردەوە، مەرجانەخاتوون دەیزانی بیر لەچی دەکاتەوە ئەو سەبوری بەو گوڵانە دەهاتەوە، سۆز و دڵداری لەگەڵ ئەوان دابەشدەکرت، هەمیشە ژوانی لەگەڵ ئەوان بوو.

# ژووری 4

ئامینەی هاوسێیی ماڵی روقیەخان کە ئەو هەواڵەی بیست، چایەکەی بەردەمیشی نەخواردوو یەك پێی هەڵسایەوە و خۆی گەیاندە ماڵی روقیەخان.

_ ئەرێ ئەوە راستە؟

+چ راستە ئامینە

_ دەڵێن مەرجانەخاتوون داخوازی هاتووە؟

ئەو پێی خۆش نەبوو لەدەمی ئەو خەڵکی دیکە ئەو هەواڵە ببیستن، بۆیە وتی

+ ئەیەرۆ کچێ ئامینە خێربڵێ ئەوە بەراستە؟

روقیەخان، لەنێو گەرەك و خزم و ناسیاوان بە کەسێکی دەم تەقیو ناوبانگی دەرکردبوو، قسەی لەدەم رانەدەوەستا و هەندێک جاریش بۆی زیاد و کەمیش دەکرد.

ئامینە لەبەر ئەوەی روقیەخانی باشدەناسی و سەین و بەینێکیان لەگەڵ یەکتریش هەبووە و، نزیکەی بیست ساڵێکە هاوسێیی یەکترن و نان و نمەکی یەکتریان زۆرکردووە و شەرمیان لێک نەدەکرد بۆیە وتی:

_ چییە دەتەوێت لەمنیشی بشاریتەوە؟

+ ناوەڵڵا بەس حەزناکەم لە دەمی منەوە کەس بیزانێت، ئەرێوەڵڵا خوازبێنی هاتووە

_ دەبێ کێ خوازبێنی ئەو پیرە ژنەی کردبێت؟

+ نازانم، ئەمنیش لێم بۆتە مەراق دوو رۆژە سەرم و دێنم و دەبەم، کەس نەمایە لێی نەپرسم، کەس نازانێت کێیە.

_ ئەوجا ئەوە چۆن دەبێت؟ یانی کەس نەیزانیوە کێیە؟

+ بەخۆت دەزانی ئەمن روقیەم پێدەڵێن شت نییە لەبەر دەستی من بەنهێنی بمێنێتەوە، بەس ئەو پیرەمێردەی ناناسم و نەمزانییە کێیە.

_ ئەدی مەرجانەخاتوون، ئەتوو بەینت لەگەڵ زۆر باشە یانی خۆشی نەیزانییە کێیە، بەتوی نەگۆتییە؟

+ نەخێرهیچ ناڵێت، کچێ نازانیش دەکات.

_ بە پێکەنینەوە ناهەقی مەگرە، بەوتەمەنەوە داخوازیت بێت خراپ نییە؟

+ بەس ئامینە ئەتوو لەو قسانە گەڕێ، پێشمەکەنە، ئەو مەرجانەخاتوونە، دەبێ شتێک لەو خوازبێنیەی داهەبێت.

_ شتی چی روقیەخان، مەرجانەخاتوون کەی لەو تەمەنەی ماوە شتی لەبن سەردابێت؟

+ مەبەستم ئەوە نییە، دەڵێم ها باسیاندەکرد، کە چەند جارخوازبێنی کراوە.

_ ئەرێوەڵلا باشم لەیادە

+ ئەدی بۆ ئەویٚ رۆژیٚ مێردی نەدەکرد؟

_ ئاخر خۆی نەیدەکرد.

+ باشە منیش ئەوە دەڵێم بۆچی نەیدەکرد؟

_ رەنگە دڵخوازێکی هەبێت و چاوەڕێی ئەوی کردووە؟

+ نەخێر وانییە، ئەگەر دڵخوازێک لە ئارادابوایە، ئەی بۆچی تا ئێستا دیار نییە؟

_ مممممممممم

+ من دەڵێم ئەو مەرجانەخاتوونە، چاوەڕێی یەکێکی کردووە بێتە داخوازی و ئەویش تا ئێستا نەهاتووە؟

_ شیرین و فەرهادە، بە پێکەنینەوە، خێر بڵێ روقیەخان، مەرجانەخاتوون هەرشووناکات؟

+ ئەی ئەوە نییە داخوازی هاتۆتەوە؟

_ بابێتەوە من باوەڕم وایە قەت شووناکات.

+ ئاخر شوونەکردنەکەشی هەر قسە هەڵدەگرێت؟

_وایە

+ لێم بۆتە خولیا، ٣٠ ساڵە ئەو شتەم لە مێشک و هەناوی

خۆم هەڵگرتووە، هەر دەبێ بیزانم.

_ وەڵلا ئەتۆ زۆر شتان دەزانی، ئاگات لە هەموو ڕووداوێکی ئەو گەڕەکەیە، بەس پێموابێت سەر لە نهێنیی ژیانی مەرجانەخاتوون دەرناکەیت.

+ دەبینی، بزانە سەری لێدەردەکەم یان نا؟ دەی ئەمنیش کارم هەیە و خوات لەگەڵ.

_ خوات لەگەڵ.

# ژووری 5

ئەو تەنها مرۆڤێک نەبوو، تەنها کەسێک نەبوو، فریشتەیەکی خوایی بوو، ئەو میوانە ناوەختە لە کوێ پەیدابوو، لە چ زەویەك هاتوون، لە چ ئاسمانێکەوە دابەزیون. لەگەڵ کام کاروان بار و بارگەیان هێناوە، کۆچەری کام کۆچن، رێبواری کام وڵات و شارن. ئەوەی ئەو بینی رۆشنایی هەتاوێک بوو دەبریسکایەوە، گوڵێک بوو لەنێو بەهەشتدا خونچەی دەدا، دڵێک بوو لە قوڵایی دەریا لەتەك ئەڵماسێک ژیانی دەبەخشیەوە ماسیەکان.ئاخر چاو بڕوا بەوەناکات،فریشتەیەك بەو گەرمایی هاوینە، دەبێ چ جەنگێک بۆ ئێرەی هێنابێت، چ وەیشوومەیەك پیلی گرتبێت و چارەنووسی بەوشوێنەگەیاندنبێت. بەو مانگی تەمووزە. بەو قرچەی گەرمایە لەگەڵ پۆلێک باڵندەی رۆح سووك بەو خێراییە بەو کاتە لەناکاوە لەدەرگابدەن، دەرگا وەك فەرشی نێو کۆشکی بەڵقیس سینگی بەڕووی میوان دەکردەوە، خۆشی بەوانە دەهات و زەردەخەنەی شادییان لێدەباری.

ئەو تەنها گوێیی لە فەرموو فەرموو بوو، ئەو وشەیە لای ئەو بەژنی لەدارچناردەچوو هەر نەدەبڕایەوە، درێژ درێژ بوو وەك رێگای ژیان و مردن. پەری وا لە ئاسمانانیش نییە، وەکو ئەوەی پێشتر

فریشتەی بینیبێت. لە دڵی خۆیدا دەیگوت وەڵلا ئەو زۆر لە پەری جوانترە، پەری کەی شکۆی ئەوەی هەیە لە جوانی و قەشەنگی بگاتە ئەو؟!!. یوسفی چی، عیسای کوڕی مەریەمی چی، کوڕی پاشای ئینگڵتەرای چی، تەخت و تاراجی کیسرای چی، کامەیان دەتوانن لە شکۆ و جوانی شان لەشانی ئەو بدەن. ئەو وێنەیەی ئەو بۆ میوانە ناوەختە پەری ئاساییەکەی کردبوو، لە روخسار بە مرۆڤ نەدەچوو، لە بەژن و بالاّ هەزار سوارچاکی فارس و رۆمی بەقوربان بێت.

لەو دیو پەنجەرەکەوە بە تیچاوێک سەیری بەردەرگای دەکرد، بەئاسپایی و ورد ورد روانینی بەرە و لای هەنگاو و قاچی میوانەکان لاردەکردەوە. لەبیری ئەودا نەبوو بەو نیوەڕۆیە، بەو درەنگانی رۆژە کاتژمێر دوانزە، فریشتەیەك لەگەڵ چەند مرۆڤێک بە کۆشێک سلاّوەوە باوەش بە ماڵی ئەواندا بکەن، لەبەرخۆیەوە دەدوا ( پەری و ماڵی ئێمە ) لەقورئان و کتێب و حەدیس و خوتبەی مەلایان، کە باسی فریشتان دەکات مرۆڤ تەزووی بەلەشیدادێت. ئاخر پەری پاکترین دروستکراوی خودایە، هیچ لە ئێمە ناچن، نەدەخەون، نە دەخۆن و دەخۆنەوە، ئەدی بەو کات و ساتە ناوەختە، نەدیتی و نەناسی لێمان بە وەژۆرێ کەوتینە. من بە خۆم گوێم لە مەلاقادری وتاربێژی

مزگەوتی شێخ نەبی گەڕەکی خۆمان بووە، کە بەلا قادری ڕەوشت ژنانی ناو و ناوبانگی ڕۆیشتووە، دەیگوت: هەموو نەوەی ئادەمێک دوو فریشتانی لەسەرشانیەتی، هی چاکە و خراپان، بای نووکە دەرزییەك چاکە و خراپەی بکەیت ئەو دوو فریشتەیە لە دەفتەری کردەوەکانت دەینووسن؟!!. لە ڕۆژی زیندووبونەوەش بەپاکراوەیی دەیدەنەوە دەستی. وای بۆ ئەو کەسەی بەدەستی چەپ کتێبەکەی وەردەگرێتەوە، ئەوە بێ ئەولا و ئەملا دۆزەخییە و خودا دەیباتە جەهەنندمێ، ئەگەر بەدەستی ڕاستیش کتێبەکەت وەرگرتەوە، ئیدی تۆ بەهەشتی؟!!. ڕۆژەکیان ئەو مەلا قادری ڕەوشت ژنانیە لەبەردەم ماڵی مەرجانەخاتوون بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد، وەڵلا بابە دەڵێن بۆ فریشتە نایەتە ئێرە، ئاخر چۆن فریشتە بێتە ئەو گەڕەکەی، بەردەرگای هەرماڵێک دەگری خواردنی بەمەنجەڵەوە فرێدەدەاتە ناو زبڵدانی، وەڵلا خودا ئەوە قبوڵناکات، بێ دینیش بەو ڕێژەیەی، برنج و نانی بخەنە ناو زبڵدانی، وابڕوات خودای گەورە نەفرەتتان لێدەکات.

مەرجانەخاتوون لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئاخر بەو هەموو گوناهەمانەوە فریشتە چۆن دێتە ماڵەکەمان؟!!. بەدەست خۆی نەبوو لە نێو چێشتخانە بێ سەر دەسووڕایەوە، سەرێک بۆ ئەملاو سەرێکی بۆ ئەملادەبرد، لە دایکی پرسی

+ ئەوانە کێنە؟

_ کچم وەڵلا منیش جارێ نازانم کێنە؟ دەی جارێ ئەتوو دەست و بردبە، دەبێ چێشتی زیاتر بخەینەسەر ئاگر، ئەوانە میوانن، دەبێ ڕێزیان بگرین، نیوەڕۆیە بێگومان برسیتیان. مەرجانەخاتوون، دەتگوت لە شیرینی خەو ڕاپەڕیوە، دەستی ئیشانی نەدەگرت، زەردەخەنە بەسەر لێوانی دەتکا و چاوەکانی پڕی بوو لە ڕاز. دیار نەبوو ئەو خۆشیەی مەرجانەخاتوون لەپایی چییە؟!!. بۆ میوانەکانە، یان فریشتەی هەزاریاڵ. وەکو ئەوەی چێشت بۆ دڵخوازەکەی ئامادەبکات بەو دەست و پەنجەنەرمانەی کە ئەستێرەی شادییان لێوە دەبریسکایەوە، زۆر دڵخۆش دیاربوو، خۆشی سەیری بەخۆیدەهات ئەو دڵخۆشیە لە پای چی و بۆ کێیە، شتێکی سەیر نەبوو، ئیدی دڵ گاڵتەنازانێت، هەروا بەئاسانی باڵناگرێت، مەگەر هێلانەیەکی لەدڵی خۆی شیرینتری نەبینیبێت. ئەو هەستی دەکرد شتێک ئارەزووی فڕینی بۆ دروستکردووە، فڕین بۆ کیشوەرێکی دیکە، بۆ ئاسمانان بۆ هەواری فریشتان. چەندی سەردێنێت و دەیبات لەوە حاڵی نابێت، دەمی وڕێنانی لێ دەبارێت، دەبێ ئەو فریشتەیە نان بخوات، باشە ئەوانی دیکە قەیدی ناکات وەك ئێمە مرۆڤن، بەڵام خۆ پەری نان و ئاوناخۆن؟!.باشە ئەی ناڵێن پەری خودا نابیندرێت، ئەی من چۆن

ئەو دەبینم، چۆن هەستی پێدەکەم، دەبێ خەون و خەیاڵ نەبێت. دایکی مەرجانەخاتوون بۆ بەخێرهاتن چووە ژووری میوانان.

+ یاخوا بەخێربێن سەرچاوانمان، گەورەتانکردین، ئەدی بۆ ماڵ و منداڵکانت نەهێناوە کاك حەمەدەمین.

_ گەلەك مەمنون، بمان بورە بەو ناوەختەوە هاتین، وەڵلا منداڵەکانیش گەلێک باشن، ئەوجارە کە هاتین ئینشائەڵلا دەیانهێنم؟

+ جا چمانکردییە، میوان ڕێزی لەسەرچاوانە، پاشان خۆ ئێوە میوان نین، ئێوە خزم و کەسی ئێمەن و خاوەن ماڵن، پێڵاوتان سەرسەرمان، خوابکە ئێوە بەئێمە رازین بن و ئەوها گەورەمان بکەن.

کاك حەمەدەمین، کە دەبێتەوە ئامۆزای دایکی مەرجانەخاتوون، خەڵکی دێیەکی ناوچەی بالیسانن، زۆر بەکەمی هاتووچۆی یەکتریانکردووە، بۆیە مەرجانەخاتوون نەیانی ناسیەوە.

+ نەتزانیی ئەوانە کێنە؟!!.

_ کچم ئەوە حەمەدەمینی ئامۆزامە، لەمن گەورەترە و گەلەك لە مێژە بۆ ژیان چوونەتە بالیسان، لەوێ مەڕ و ماڵاتیان هەیە و بە کشتوکاڵەوە خەریکن، نازانم چەند مەنداڵی هەیە

دەمێکە یەکترمان نەبینویە، بەس ئەوەی لەگەڵیەتی پێم وابێت کوڕە ناوەندیەکەیەتی، دوو پیاوە بەتەمەنەکەی دیکەش ناناسم، ڕەنگە خەڵکی گوندی خۆیان بێت.

+ یانی ئەوانە خزمی ئێمەن؟!!.

مەرجانەخاتوون خەیاڵی لای ئەو فریشتەیە بوو، دەیویست بڵێ ئەی ئەو پەریە کێیە لەگەڵیان، بەڵام شەرمی دەکرد ئەوە بەدایکی بڵێت، بەس هەردەبوا پێی بڵێت، چونکە ئەو هێشتا لەخەمی ئەو پەریەدایە، ئاخۆ ئەو چ دەخوات، چ خواردنێک بۆ ئەو ئامادەبکات؟!!.

_ بەڵێ لەخزمیش لە پێشترە ئامۆزامە باب برا.

+ دایە خواردن ئامادەیە ئەگەر دەیبەیت، بەس دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم، فریشتە نان دەخۆن

_ نەخێر، نان ناخۆن.

+ یانی قەت نان ناخۆن، یانی هیچ ناخۆن؟!!.

_ بەڵێ کچی خۆم ئەوان وەك ئێمە نین نان و ئاو ناخۆن، ئەرێ ئەو پرسیارانە چییە دەیکەیت، جارێ وەختی ئەو پرسیارانەیە.

خەمی گەورەی مەرجانەخاتوون ئەو فریشتەیە بوو، بۆیە لە خەمی نانخواردنی دابوو.

+ ئەدی چ بۆ ئەو ئامادەکەین؟!!.

ـــ بۆ کێ؟

+ بۆ ئەو پەری خوداییە.

ـــ چییە شێت بووی، پەری کێیە؟

+ ئەو فریشتەیەی، کە لە ژوورەوەیە؟

ـــ مەرجانە چییە کچم ئەتوو ئاگات لە خۆیە چ دەڵێت؟ چییە وڕێنان دەکەیت.

مەرجانە لەخۆی گەوتە گومان، دەبێ ئەوەی من بینیم خەون نەبێت، یان خەیاڵێکی شێتانە نەبێت، دایکم ڕاست دەکات فریشتە، کەی لە ژوورەوەیە، باشە ئەدی ئەوەی من بینیم چ بوو، بەخودای لە پەریەك زیاتر هیچی دیکە نەبوو.

+ دایە منیش لەگەڵت دێم خواردنەکان دێنم؟

ـــ باشە وەرە، بەس نەکەی بێیتە ژوورەوە، میوانی بێگانەی لێیە؟

+ بەچاوان، بەس لێم بۆتە حەزێک.

ـــ چیت لێبۆتە ئارەزوو کچی خۆم.

+ وڵلا ئەو پەری خودایە.

ـــ بەخودای ئەتۆش تێک چووی، هەر پەری و مەری مابوو.

+ باشە بڕۆ سەرپۆشێک لەسەر بکە و خواردنەکە بێنە با

بۆیان بەرم؟

سەیرە کەس ئەو روناکییە، ئەو تروسکایی نورە نابینێت، نیگەرانی ئەو دەگەڕایەوە بۆ دوو چاوی ئەبلەقی دایک و باوکی، کە عەجەب ئەو پەری خودایە لە ماڵەکەیاندایە و ئەوانیش نابینن؟!!. مەرجانە دڵی لەو ساتە بەجێمابوو، کە پەریەکەی تێدا بینی، هەستی خۆناسین، باڵق بوون، ئەشق، شەیدایی، تێکەڵ بەیەك بون. هەموو هەستەکانی ورووژا، باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد، حەزیدەکرد بچێت دەست لەو پەری خودایە بدات. ئەو زیاتر دڵ و رۆحی ئاوێتەی نیگای ئەو پەری خوداییە ببو، ئەشق لە یەکەمین نیگاوە دروست دەبێت، ئەو نیگای ئەشقە مرۆڤ دەکاتەوە بە خۆڵەمێش، دەیکاتەوە بە قوڕی شێلدراوی بەردەستی خودا، دەبێتەوە بەو قوڕەی، کە خودای تاقانە مرۆڤی لێوە دروستکرد، ئادەمی لێ خوڵقاند. مەرجانە لای وابوو تازە لەدایک بووە، لەناخی ئەودا ئەو دیدەنییە، جیایە لەگەڵ هەموو بینینەکانی دیکە، لێرە هەستەکان جیاوازتر دەردەکەون، جیاوازتردەڕوانن، مەودای ئەو نیگایە پڕیەتی لە تەماشا، تەماشایەك هەستەکان رادەگرێت، پڕی دەبێت لە راز و نیاز، لە قسە، لە ئیحا، لە وشە. ئەوینی ئەو نیگایە دڵ دەباتەوە بۆ قوڵایی ژیان، بۆ نێو دەریای ئەڤین، بۆ نێو سەرەتای تابلۆی بون.

# ژووری 6

مەرجانە لەخۆی بێئاگابوو، کە ئەشقەکەی ئەو یەك لایەنەیە، بەڕاستی ناخۆشە دڵت بەکەسێکەوە بێت ئەویش ئاگای لێنەبێت، دڵ دەروێشانە لە نێو تەکیەی ئەشقت دێوانەبێت و واوەیلابکات، ئەوەی بەرامبەریش بێ ئاگا لەنێو خەو و خەیاڵی خۆیدا بێت؟!!. ئەشق وا لە مرۆڤ دەکات جوانتر ژیان ببینێت، هەست بەبوونی خۆی بکات لە نێو خۆیدا گەورە بێت. ببێت بە نیگارکێشێک و خەیاڵی لێوان لێوبکات لە ڕەنگ.

لای مەرجانە کاتی ئەوەهات ئیدی ئەشقی خۆی ئاشکرا بکات، نهێنی دڵی بۆ مەعشوقەکەی هەڵڕێژێت، بەردەوام هەوڵیدەدا دەردە دڵی بۆ کەسێک بگێڕێتەوە، بەڵام لەناو خزمان و هاوڕێ و دەستەخوشک و تەنانەت دایک و باك و براکەشیدا کەسی بە هۆگری رازەکانی نەدەزانی، جار جارێ دەچووە نزیک باخەکەیی و لەنزیک گوڵێکەوە بەدڵ گوڵەکانی بەقسان دەهێنا، گفتی زۆری لە گوڵەکان وەردەگرت، کەنابێ نهێنی ئیشقەکەی لای هیچ کەسی دیکە باسبکەن. مەرجانە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ئیشقی ئەو بۆ پەری خوداییە، نامەی زۆری نووسی، لە دڵی مەرجانەدا ئەو نامانە لەگەڵ هەستەکانیان

تێکەڵ دەبن و بە خۆشەویستەکەی دەگات، مەرجانە نامەکانی لە نێو کتێبەکانی دەشاردەوە، ئەو هەمیشە وای خەیاڵدەکرد، کە ئەو فریشتەیە شەوان لەکاتی بێدەنگی و تاریکیدا دێت نامەکانی لەنێوکتێبان دەردەهێنێت و دەیخوێنێتەوە. مەرجانە ئەوەی بە تێکەڵبوونی هەستەکان لێک دەدایەوە، ناوە ناوەش لەنامەناردن بێزاردەبوو، ئەو پێوایە ئەشق لە نێو نامەکاندا زیندانیکراوە، وشەی ئەشق هیچ نییە مادامەکێ نەتوانێ بڵێسەی ئاگری دڵێک خامۆش نەکات.

نامەی یەکەم

بۆ پەری خودایی..... ئازیزترین کەسم

سڵاو...... ئازیزەکەم لە دڵەوە هەواڵت دەپرسم و پەرۆشی باشی تۆم.

نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم، گەڕانەوە بۆ خەیاڵ و یادەوەریەکان، یان بۆ فڕینی نیگاکانمان بۆ باوەشی یەکتر، یان بۆ یەکەم دیدار و یەکەم ترپەی دڵ، نازانم بە چ زمانێک، هەستی خۆم بنووسمەوە، بەکام وشە رازی پڕ لە نهێنی ناخمت بۆ هەڵڕێژم. ئازیز گیان بڕوابکە چەند جارێک ئەم نامەیەم نووسیتەوە و دواجار دڕاندوومە، لە وشە و دێڕ و ماناکانی رازی نەبووم، هەست دەکەم ئەم زمانەی پێیی دەنووسم تێر ئەشقم ناکات، تەژیم ناکات لە چێژی ئەوینت. تەنیایم لەکۆڵ ناکاتەوە، پڕترم دەکات لە بێدەنگی، هەناسەم زیاتر تەنگ دەکات، دڵم دەکوشێت.

م ەرج ان ە

٤- ٣- ١٩٨٦

نامەی کۆتایی

بۆ ........ ئازیزترین کەسم

سلاو ....

ئەم جارە نەمویست ناوت بهێنم، نەشمویست بە هیچ ناوێکی دیکە بانگت بکەم، ئەمە ٢٦مین نامەیە بۆت دەنوسم، ئازیزەکەم، تێدەگەم نامەی هەموو دونیا بەشی دووریت ناکات، ئاوازی هەموو دونیا بەشی خەندەیەکی تۆ ناکات، دیوانی گشت شاعیرانی سەر رووی زەوی بەشی وشەیەکی ئەشق ناکات. بێگومان ئەم نامەیەش شوێنی یەك نیگای تۆ ناگرێتەوە کە لەژێر پێڵوی چاوەکانت تێم دەڕوانیت، چ لە نامە بکەم، کە تا ئێستا نەیتوانیوە ئاهێکی من بگۆڕێتەوە بە ئۆخەیەك، فارگۆنی ئەم شەمەندەفەر بپچڕێنێت و ئاورێک لە بێ مروەتی دڵم بداتەوە. چ لە دێری درێژ و هۆنینەوەی نامە بکەم، چ لە ئیشقێک بکەم، لە نێو زەرفێ نامەیەکدا زیندانیکرابێت. چ لە وشەی ئیشق بکەم، کە بڵێسەی ئاگری دڵێکی پێ خامۆش نەکرێت.

م ەرج ان ە

٨ - ٢ - ١٩٨٨

# ژووری 7

بەرەبەیانی ١٩٨٨/٥/١٥ هێشتا نەسیمی بەیانماڵئاوایی لەشەو نەکردبوو، هێشتا خۆر زەردەحەنەی ڕۆژێکی نوێی نەخستبوە سەر لێوانی زەوی، گەڵای دارئەسپیندارەکان بۆنی تریفەیان بەرنەدابوو، بەهار تازە چرۆی دەکرد، نەرمە با و فێنکایی و سەوزایی کوێستانی هیران و نازەنین و دەشتی خۆشناوەتی هێشتا وەك دوا تابلۆی داڤنشی ڕەنگیان لێ دەتکا، وەك ڕوخساری عیسای مەسیح دەبریسکانەوە، وەك ڕۆمانی بەفری بامۆك وشەکانی بست بست باڵادەگرن.

سپێدەیەکی تەنها، شەرمن، بێدەنگ. هێشتا منداڵان بۆ نوقلانە و شادی جەژن لە ناوەڕاستی کۆڵان و سەرشەقام و دەرگای ماڵان نەدەوەستان، کوکختیەکان تازە هێلانەیان جێهێشتبوو، هێشتا ئاگری چێشتی جەژن خامۆش نەبوو. ئاسمان تاسا، ژیان خەسێندرا، دەریاکان ترس دایگرتن، خنکان. بەو بەیانیە زووە، کە هێشتا یەزدان شەڕ و خێری بەش نەکردبوو، ئەنفال بوو بە میوانی ماڵەکانمان، ئەنفال بوو بە ئایەت، بوو بە درێژترین زام.

ئەمە کۆستی تەنها کەسێک و ماڵێک و شارێک نەبوو، ئەمە کۆستی نەتەوەیەك، مرۆڤایەتی بوو. مەرجانە خۆ

ئێستاش بڕوا ناکات، ئەنفال فریشتەکەی ئەوی بردبێت. ( لێت دەپرسن لەبارەی ئەنفالەوە، تۆش پێیان بڵێ ئەنفال هی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی) ئەمەی لە تەفسیری نامی بەرچاوکەوتبوو، ڕۆژێ دە جاران دەیخوێندەوە. تا وای لێهات لەبەر خۆی پێدەکەنی و بەگاڵتەوە دەیگوت، خودا و پێغەمبەرەکەی چیانداوە لە پەریەکەی من، بۆ بردوویانە، بۆ ئەنفالیان کردووە، دیارە پەریش ئەنفال دەکرێت؟!!. خودا چ پێویستی بە فریشتەکەی من هەیە؟!!.

بەو بەیانیە زووە،

کە هێشتا یەزدان

شەڕ و خێری بەش نەکردبوو،

ئەنفال بوو بە میوانی

ماڵەکانمان،

ئەنفال بوو بە ئایەت،

بوو بە درێژترین زام.

# ژیان
# کەناری

## رووی یەکەم

کە هاتم، دەستە جلێکی تازەی، بەخت و ئەنگوستیلەیەك و جوتێ گوارەی دڵنەوایی و بە باوەشێک وشەوە دێم، کە هاتم، سەبەتەیەك ئومێد دەرژێنمە ژوورەکەت، بە کۆڵێک ماچەوە دێم، دێم و لە ژێر سێبەری باخچەی ئەوینت، هەناری چارەنووس کۆدەکەمەوە. بە دوو قاچی دڵشکاو و دەستێک مەراقەوە دێم، بە دڵێکی شەکەت و جەستەیەکی تێک ئالاوە دێم. کە هاتم، بەوە بمناسەوە، سیمام رەنگی تۆ و کراسەکەم بۆنی دووریتی گرتووە. کە هاتم، باکەتێک جگەرە دەخەمە جانتای تەمەنم و جزدانەکەم پڕ دەکەم لە گۆرانی و دڵیشم پڕ لە سەما. بە

دونیایەك سەلیقەوە دێم، دێم و تا ڕۆحی پەرتبووم لە دوا دیوانی ئەشقت جێبکەمەوە. کە هاتم، کەلانەیەك لە بزەی لێوت، بخە سەر ئاگری دڵم، ماستاوێکی سارد، پڕ لە بەیبوونی تامەزرۆیی لەسەر سینەم دانێ. کەهاتم، ئینجانەیەك قاوەی پەرۆشیم، تێکەڵ بە دڵە خورپەی ئەم سەفەرەم بکە.

هاتم و هەموو شتیکم بینی، تەنها ژووری غەریبیت نەبێ. هاتم و دەستم لە هەموو شتیکدا، چارەنووست نەبێ. ڕۆیشتم و هەمووشتێکم برد، جگە لە ڕۆحت نەبێ. بۆنی ڤژت و هەناسە و لەتێک لە سیماتم، لە نێو ئەلبومی دڵم دانا. لە بەر دەرگا، مشت، مشت، شەرم و نازتم کۆدەکردەوە و دوا نیگام رادەخست بۆت. ئەم لەحزەیەم قەت بیر ناچێت، کە تەنیاییمت بەڕێ دەکرد. باوەشت لیدەدام و ماچی ئۆمێدت دەرژاندە سەر گۆنای مالئاواییم. ڕۆیشتم و بە نیگەرانیەوە، ٤٣ پلیکانیەی ئۆغرم ژمارد. ١١سەعات لە مەنفای جەستەت مامەوە و ئەسەف، دوو خولەك لەم خەونەم بیرنەماوە، تا بۆ هەنارێکی شەقبوو بیگێڕمەوە.

هاوڕێ منیش وەك تۆ جووتێ مەمكی تەڕم لە باغەڵدایە، وەك تۆ حەزم لە زەردەخەنەی ژیان و مژینی لێوی گوڵە، كە دەتبینم وەك بەفری دوای باران دەتوێمەوە. كە دێیتەلام، بە نیگاكانت ڕەنگم دەكەیت. قژم سپی و چاوم كاڵ و پێستم گەنمی دەكەیت، لێوم ڕەنگدەكەیت بە ماچ، بە پەنجە ئاوریشمیەكەت ریش و سمێڵم پڕ لە عەتر دەكەیت. منیش بە وشەكانم ژنێك لە شێوەی مانگ، دەنەخشێنم. ژنێك وەك تریفە، ئەدرەوشێتەوە. ژنێك زەردەخەنەی لە گوڵە بەیبونی ناو باخی ئیشق دەچێت، بە چاوە سیحراویەكەی شەڕ دەكات، سیمای لە یاقوت و بڕۆكانی لە تاوس دەچێت، كەس بە قەت من خۆشی ناوێت ئەمیش ڕەنگ گەنمی و چاوكاڵ نەخشێندراوە، گەردەن زەردوو لێو پەمەیی، لار و لەنجە و دڵڕفێن، سینگی بۆتە لانەی سێو و هەناسەی پڕ بوە لە ناز، پەنجەكانی بوونەتە هاوڕێی گیتار، بە نۆتەكانی جوانی بە هەزاران ژن دەبەخشێت. هەمیشە دولبەر، وەك وەنەوشە دەردەكەوێت، لە كەس ناچێت؟!!. تەنانەت لە منیش ناچێت.

وەسیەت بێ بۆت،

لەبەر بارانی هیچ مەغریبێک،

مەپاڕێوە بۆ قومێک ئومێد،

لە بەردەم هیچ عەسرێکا

دەستی ژیان مەکوشە

خەوی خۆشیت بێت، یارە شکۆدارەکەم، شاژنەکەم بخەوە، خەوێکی قووڵ، بڕۆ قوڵایی خەیاڵ، ئاوڕ لە هیچ حیکایەتیک مەدەرەوە، گوێ لەسەر گوزەشتەی هیچ جەنگاوەرێک مەگرە، داستانی هیچ پەلە هەورێک مەخوێنەوە، لەگەڵ مانگ دامەنیشە غەیبەتی یەقین بکەی، مەهێڵە بتخنگێنن لە مەراقە، لەوها شتێکا مەهێڵە شتانێک خەونەکانت بقرتێنن. لە نێوە خەوی پڕخەی خەوتدا، گلەییم، بگەینە بە نەوڕەسەکان و پێیان بڵێ: گلەیی بێت، گەر ئەمجارە لەوە زیاتر سەفەر ماندووبکەن. گلەیی بێت، گەردەنی ئاو ئازا بکەن، کە وەك گەریلاکانی وەرزی گومان، گیانی سپاردە خێوەکانی قەدەر. وەسیەت بێ بۆت، لەبەر بارانی هیچ مەغریبێک، مەپارێوە بۆ قومێک ئومێد، لە بەردەم هیچ عەسرێکا دەستی ژیان مەکوشە، بخەوە پەریزادەکەم، لە دەلاقەی ئەم شەوەزەنگەدا، بەهێواشی دەست بخە گیرفانی زەمەن و شۆڕ بۆوە، لێگەڕێ با بگاتە کەمەرت، ئاوی دڵنیایی، لێگەڕێ ماسیە دڵ پیسەکان بخنکێن لە ناو کلۆ بەفرەکان، بخەوە ئەی دۆست، سەرخەوێک، لە نزیک کاتژمێرەکەی ژێر چەناگەی سێبەر بشکێنە و ورد، ورد قژی هەتاو شانە بکە، بەڵام من وەك تۆ ناکەم. بەرەبەیان لەگەڵ گزنگی خۆر، ئاوڕ لە سیمات دەدەمەوە. هێندە بە خێرای روانینم دەڕژێنمە روخسارت، کە بە ئاگا دێیت، تێدەگەیت یارچ دیاریەکی پێیە.

هاوڕێ لەم گڵاسی فەنابوونە، پێکێک لە شەرابی غەریبیم بۆ تێکە، پڕمکە لە مەستبوون، تێرمکە لە فڕین، دامچۆڕێنە، ڕۆحم داوەشێنە و جەستەم بە تاڵکەوە لە مەراق. بمبەرەوە بەردەم ماڵی پەپولە، بەدیار سکێچی حوزنەوە، پەرتمکە لە نێو ڕەنگی خەونەکانت. سەرخۆشمکە بە ئاوازی ئارەزوو، بۆم تێکە، هەرچی لەم بوتڵەی ئیشق ماوە، بڕژێنە سەر تەریقەتی چاوەنواڕیم، لێگەڕێ با، بەلادابێم. ئەم ئێوارەیە، سەبەتەیەك شەرابی ئومێد دەهێنم و لەگەڵ لێوەکانت دەیخۆمەوە، تا مەست دەبم بە ماچ.

ئەم ئێوارەیە، هێندەی شەونمێک، نزیکتر دەمبەوە لە باخچەی ئەوینت. ئەو ئێوارەیە، شیعر بە شیعری ئەسرینت دەهۆنمەوە، پڕت دەکەم، لە زەردەخەنەی مەراق. ئەم ئێوارەیە، دێم و چرا دەخەمە باوەشیت و وەك پەروانە تێت دە ئاڵێم. دوا دیوانی غروری ئەم شێتیەم، لە دەلاقەی ئەوینت رادەخەم. ئەم ئێوارەیە، پەرت دەبم، دابەش دەبم، بەسەر دووریت، دەبمەوە باران و دەرژێمە دەریای حەسرەتت. لەم لەحزەیە، هەموو شتێک خۆشە لەگەڵ تۆ، تەنانەت، خواردنەوەی قومێک تەنیایی، لەم دەریای چاوەنواڕیە. یان، خواردنەوەی پەرداغێک شەکەتی، لەم سەفەری لەت بوونەدا. هەمووی خۆشە. خۆشتر لەوە، کە هەمیشە پێت دەگوتم: هیچ بارانێک هێندەی هاتنی تۆ تەڕم ناکات؟!.

## ڕووی دووەم

هاوڕێ وەرسم لە هەمووشتێک تەنانەت دڵم بە ساقۆکەی بەرم و ڕەنگی کراسەکەشم خۆشنییە، عەنتیکەم بە زەوقی خۆم دێ مەراقم بۆتە فیکە لێدان بۆ کچە عازەبەکانی کەناری ژیان. خوداشاهیدە، دووجاران، تەڕ تەڕ بووم بێعاریم لێ بۆتە گایەکی بە پۆز گا چ گا وەك فیل دێت و دەمۆڕیێنێت، قۆچەکانی لە دەم و چاوی ڕاوچیەك دەچێت، کە جەرگی کون کونە، دەڵێی چاو و نەفەس لێیداوە. گەلەك خەوم دێت سبەی با ڕۆژ بێتەوە وەرس بوونی خۆمت دەباغەڵ دەنێم.

ئازیز گیان بە هەتاو بڵێن نەرمنەرم باوەش بەدەریادا بکات، نەبادە خەوی لاربێتەوە و لە کەنارێ، لە نزیک تریفەیەکی خامۆش خەیاڵی ماڵئاوایی بیباتەوە. پێیی بڵێن ئەم کۆچە تا موودەدێکی دیکە هێور نابێتەوە، ئەم سەفەرە، هەناسەی پڕە لە غوربەت، دڵی تەژی لە گومان.

دڵێک دەڵێ، کە ئاشق بووی، بڕۆ دڵێک دەڵێ، ڕۆح لەم گەشتە نیگەرانە، مەڕۆ لە نێوان ئەم چون و نەچونە ئەم دوو دڵ یە خەریکە ونم دەکات. دڵێک دەڵێ، لەم سەفەرە خۆشبە، مەڕۆ

دڵێک دەڵێ، ژوانی یارا، بڕۆ لە نێوان ئەم چون و نەچونە ئەم دوو دڵ یە، خەریکە شێتم دەکات. دڵێک دەڵێ، نازی ئەو هەموو دڵداریە لە پای چی، مەڕۆ دڵێک دەڵێ، ئاهی ئیشقە، شێتیە بڕۆ.

ئاخرمن بۆ تەماشا سەیری چاونیمکرد، ئەو بوو بە مانگ و وەك تریفە رژایە نێو دیدەنیم. هەموو رۆژێ، بەبەرچاوم دێیت و دەچێ لەگەڵ هەناسەم باڵدەگرێت دەڵێی مەلە و لە ئاسمانی دڵدا دەفڕێ، ئەوەندەی لێم روانی لە نێو پێڵوی چاوەکانم بوو بە نیگار، بوو بەتابلۆ. روخسارم، پڕ لە رەنگ بوو. من بۆ تەماشا ڕووم تێکردی، تۆ نەمامێکت لە دڵم رواند. من رێبوارێک بووم، تۆ نیگایەکت لە هەستم سازاند. من تەنها ویستم سەیری چاوانت بکەم، تۆ لە نێو رۆحمە ئیشقێکت خوڵقاند. من موسافیرێک بووم، تۆ هاتیت و گیان و دڵمت برد. هاردووکیانت دێوانەکرد، هاتی تا ئاگرلە هەردوو دڵ بەربدەیت، من لە تەماشاکارێک زیاتر هیچی دیکە نەبووم، تۆ هاتی و ئێستا لە مەیخانەی ئاشقاندا بووم بە پێکی دەستی مەیگێڕێک.

ئازیز گیان، دەبێ کەسێ هەبێ وەك من تۆیخۆش بوێ، بێ مەی سەرخۆش و بۆ نیگات حەیرانت بوو بێت. دەبێ هەبێ کەسێ وەك من، شەو تا بەیان، گۆرانیت بۆ بڵێت. دەبێ کەسێ هەبێ وەك من بۆت مردبێ، لەدەشت و دەر لە نێو شاران لەبەردەمی هەموو

ماڵێک ناوی تۆی هەڵواسی بێت. دڵی ببوێتە ئاوێنە و تەنها روخساری تۆی لێوەدیاربێ. بڕۆن بخوێننەوە، لاپەڕەی گشت کتێبێ هەڵدەنەوە، لە ئەفسانە و شیعری شاعیرانە لە مەیخانە و کۆڕو و مەجلسی دڵدارانا، کەسێ هەبێ وەك من قوربانی بۆ ئەشق دابێت. دێوانە و شێت و مەستانەبێ، هاواریکە پڕ بەدەنگی تۆ کە تاکە گوڵی باخچەی ئەوینم بی لێم مەکرە، تۆم لەخۆم خۆشتربوێی.

ئەگەر

نیشتیمانێکم هەبوایە،

هەتاوم لە شوێنی ئالاّ و

ماچم لە جێگەی مارِش و

ژنم لە باتی سوپاکەی دادەنا.

هـاوڕێ ئەگـەر نیشـتیمانێکم هەبوایـە، دەریـام بـۆ دەخسـتە مەرکانەیـەك و لـە ژووری نووسـتن هەڵدەواسـی. مانگـم بـۆی دەخواسـت و خۆریشـم، بـۆ ئاهەنگەکـەی بانگێژدەکـرد. ئەگـەر نیشـتیمانێکم هەبوایـە، ژیـانم بـۆی قـەرز دەکـرد، دوور، دوورم دەکـردەوە لـە تاریکـی، ڕۆشـناییم رادەخسـت بـۆی، زەردەخەنـەم لـە نیگـای دڵـداران بـۆی دەهۆنیـەوە. ئەگـەر نیشـتیمانێکم هەبوایـە، دەمخستە نێو دڵم و شەراب و مۆسیقا و شیعرم لێدەڕواند. ئەگەر نیشتیمانێکم هەبوایە، هەتاوم لە شوێنی ئاڵا و ماچم لە جێگەی مـارش و ژنم لـە باتـی سـوپاکەی دادەنـا. ئەگـەر نیشـتیمانێکم هەبوایـە، باڵندەکانـی ڕەنگدەکـەم، ئاسمانەکـەی دەکـەم بـە پێشـانگە و تابلۆکانی ( با ) و (چەم)ی لێ نمایشدەکەم. ئەگەر نیشـتیمانێکم هەبوایە پەرلەمانەکـەیم، بە نیگەرانـی رادەسـپارد، دەمبردەوە بۆ قوڵایـی گریـک، بە ئەقڵزادەکانیـم دەگـووت، ئەم ماڵـە، بۆ ژیـان نابێت. ئەگـەر نیشـتمانێکم هەبوایـە، مناڵیـم تێـدا دەحەسـاندەوە، گەنجێتیـم رادەهێنـە بەدایـک بانگـی نـەکات، گەورەییشم فێردەکرد، لە جیاتی مەرگ، ئاوازی ئومێد بژەنێت. ئەگـەر نیشـتیمانێکم هەبوایـە، مرۆڤەکانیـم دەچەمانـدەوە و نوێژم بەدیاریەوە لێدەدا، دڵم دەخولاندەوە بۆی، هەناسەکانیم لە باوەشدەگرت، ڕۆحم بە رووخساریەوە دەنا. ئەگەر نیشتمانێکم

هەبوایە قومێک ئیشق و مشتێک کامەرانی و باوەشێک ژیانم لێدەخواست.

پێمگوتی ها ئازیز گیان، ژن، نەك لە ٨ی مارس، لە کوللی رۆژێکدا شاژن و تاجی سەرمە. ژن، نیشتمانمە رۆشنایی دڵ و قولایی هەناومە. ژن، رۆحمە بینایی چاو و بەهاری تەمەنمە. ژن، ئاسمانمە تریفەی مانگە شەو و تروسکایی ئومێدمە. ژن، دایەمە خوشک و کچ و هاوسەرمە. ژن، منالیمە شنەی بای گەنجی و ئاوازی نێو پیریمە. ژن، ویژدانمە ئازاری مێژوو و شکۆی بوونمە. ژن، بازوومە شاژنی نازوو سۆزی ئیشقمە. ژن، دونیامە دەشت و کێو و دەریا و شەو و رۆژمە. ژن، شیعرمە وشە و قافیەی نێو هەڵبەستمە. ژن، ئەدەبمە بەستە و گۆرانی نێو ژینمە. ژن، نە پەراسوومە نە شەرەف و نە ناموسمە. ژن، هاوژینمە دۆست و هاورێ و کەسمە.

ئەی دۆست، ئەم شەو بەتەنها دەچمە سەر جێگاکەم و کەس نابەمەوە نێو خەونەکانم سەرینەکەم توند، بە سینگمەوە دەنێم خۆم رادێنم، بێ باوەش و بێ خولیا رانەمێنم چیتر گۆنای خاك ماچ ناکەم و دەست لە جووتە سێوی لاسورەی نیشتمان نادەم، ئەم شەو دەبمەوە خۆم، لە نزیک سێبەرێکی خەوالوو چرایەکی پڕ لە سەما دادەگیرسێنم. هێشتا عەشق لە کەناری دەریای چاوەنواری

نەگەڕابۆوە، هێشتا بینایی ئومێد لە دڵی باخچە نەچاندرابوو، هێشتا زەردەخەنەی دڵداریمان چرۆی نەکردبوو، بە باوەشێک مەراقەوە ڕژامە کۆشی هەتاو، ئەو ڕۆژە هەرچی گوڵی بەر هەیوانی تامەزرۆیی هەبوو، بۆنم کرد، هەرچی قژی سەرسینەی یار هەبوو کردم بە ئاوازێک و وەك ملوانکە بە گەردەنی هڵمواسی. هێشتا دڵە خورپەمە و لەرزی ئیشق گرتوومی، بەم درەنگانی غەریبیە ئەم نیوە دڵەی من بۆ کوێ دەبەی. ئەو ڕۆژە تەنیا تۆ و چەپکێک شەونمی لێو بەماچم لێوە دیاربوو، هێشتا روخسارم ڕەنگی دووریتی بەرنەدابوو، هێشتا لێوم گەڵای ماچی نەگرتبوو، هێشتا دڵم بە دیدارت خوناوی نەکردبوو، چاوم بە بیبینت نەدرەوشابۆوە، تازەبوو تازە تازە، گەرم گەرم، دەتگوت جووتە سێوی بەرئاگردانی دڵدارانە. دەستم نا بەڕووتەوە، ورد ورد، نەرم نەرم، ئەندازەی لێو و ئەبرۆ و چاوتم نەخشاندوو لە جێگەی لێو ماچ و لە شوێنی چاو ڕۆشنایی و لەباتی ئەبرۆ، ئایەتێکم دانا. لێت پرسیم بۆ کوێی دەبەی؟!! ئەم ڕوخسارە ماندووەم. پێم گوتی: دەیکەم بە باوەشێک وشە و لە شیعرێکدا دەیهۆنمەوە.

# رووی سێهەم

تەق تەق کێیە، بەم درەنگانی ژیانە لە دەرگای عومرم دەدات، بیکەرەوە کۆشێ لە تریفەی مانگە شەو و چەرەزی دڵ و پێکێ لە نیگای غەریبی و مشتێ لەسەمای ئومێد و شەرابی مەیخانەی ئاشقان و شەوچەرەی دڵدارانم بۆ هێناوی. بیکەوە، بەم درەنگانی مەعشوقیە باوەش و لێوی یارم کردۆتە چەپکێ لە ماچ، ملوانکەی وەفا و سێبەری یادەوەریم لەبەرپێتدا ڕاخستووە بیکەرەوە دەرگای دڵت بە ڕووی تامەزرۆییم ئاوالاکە.

ئای لەم هاتنە، لەم دیدەنییە هاورێ، ئەی دۆست درەنگ کەوتی، کاتژمێری چاوەنواڕیم، پێم دەڵێت درەنگە، لێبوردەیی خەوی زڕاوە، درەنگە بۆ ژوان، درەنگە بۆ ئیشق.

قەیتانی پێلاوەکەت شلکەوە، ئەی پیاو، نیشتمان توانای هەلاتنی نەماوە. خەتی کەمەری تەنوورەکەت تەنکترکەوە، ئەی ژن، مەعبەدەکان چیتر توانای بینینیان نەماوە. ریشی تامەزرۆیت لەمەزێتر درێژکەوە، ئەی گەنج، چیتر دەریا ژوانی هیواکانتان نییە. توند توند دەست بە ئولفەتەوە بگرە ئەی منداڵ، گەورەکان گەمە و یاریەکانیانکرد بەڕاستی. تۆش بەڕاستی بمرە ئەی مرۆڤ، چیتر ئینسان وەك بەنی ئادەم نەماوە.

هەی ئافرێنەری ڕۆح،

ئینسان هێشتا قاچێکی لە زەوی ماوە،

بەو درەنگانی ژیانە، بۆ کوێی دەبەی،

ژیان هێشتا بەبەری وەماوە،

بڕۆ بۆخۆت پشوویەک بدە

هاورێ بەم درەنگانی ژیانە کەسێک دێت، لەکەس ناچێت، بیرەدا تێدەپەڕێت و منیش نایبینم، زوو ، زوو لەگەڵ گەردی بەیاندا دێت و بۆنی غوربەت و عەتری تەنهایی لێدەتکێت، دێت و منیش نایبینم. کەسێک، لە تریفە لە پشکۆ و لە یاقوت دەچێت. دێت و منیش نایبینم، نەرم ، نەرم دەفڕێت سەما لە نێو یادەوریم دەکات، دڵم دەکوشێت تک ، تک غەریبی لێ دەڕژێت. کەسێک، لە کەس ناچێت، بیرەدا تێدەپەڕێت، دێت و منیش نایبینم. جانتاکەی پڕە لە شەونمی یاد، تەژی لە ئاور، تەژی لە نیگا، پڕە لە چاوەنواڕی، پڕ ، پڕە لە من، دێت و منیش نایبینم.

هێمن بەرەوە، هەی ئافرێنەری ڕۆح، ئینسان هێشتا قاچێکی لە زەوی ماوە، بەو درەنگانی ژیانە، بۆ کوێی دەبەی، ژیان هێشتا بەبەری وەماوە، بڕۆ بۆخۆت پشوویەك بدە، لێگەڕێ با دڵیگەرد نەگرێ، لێوی نەژاکێت، بڕۆ تا، ڕۆشنایی ماوە، بڕۆ پشوو بدە، توونە توونە، بخەوە بڕۆ بۆ قوڵایی خەو، شکۆت، شەکەت ، شەکەت لە نزیک تابلۆی پارێزاو، کاڵ ، کاڵ بۆتەوە. بڕۆ بۆ خۆت پشوویەك بدە ئەی ئافرێنەری تاقانە.

ئازیز گیان، بەدڵخۆشی ڕانەگەیشتم، بۆیە ئەمجارە درەنگ درەنگ لە خۆم ڕادەمێنم. بەرلەوەی خەیاڵم بەربێتەوە، بەرلەوەی خامۆشیم دەنک، دەنک کۆکەمەوە، بیرەدا تێپەڕیم. لە ڕووم

نایی، درۆ بکەم و بڵێم ئەوەی بیرەدا تێپەڕی من نەبووم، ئەوەی دوو لێوی بۆ ماچ دەنەخشاند، من نەبووم. ئەوەی ئیشقی لە نێو دەریا دەچنی و پەپولەکانی ناونووس دەکرد، لەسووپای جادوویی من نەبووم. بەنیگەرانی ڕانەگەیشتین، ئارەزووەکانمان بران بۆ باکوری ژیان، بۆ بەستەڵەکی یا خیبوون بۆ جەمسەری بێهودەیی، چەند لە من دەچوو، ئەوەی بیرەدا تێپەڕی. هاوسەرەکەم دەیگووت تۆ بووی بیرەدا تێپەڕی، هاوژینەکەم، کە هێشتا نەبۆتە دایکی منداڵەکانم و کەسێکی لێنەبووە، ئەو بەدایک و منیش بەباوك بانگ بکە، دوێنێ، درەنگانێ پێی گوتم دوو گیانم، ئەم هەواڵە یادەوری کوشیم، بۆیە لە بیری ئەوەدا نەبووم، کە من بووم بیرەدا گوزەرمدەکرد. بە یەقین ڕانەگەیشتم، بۆیە دەم نا دەمێ هۆشم بەردەبێتەوە و پەنجەکانم گەڵای گومان دەگرن، من نەبووم، کە بیرەدا تێپەریم، بۆیە بەدڵخۆشی ڕانەگەیشتم.

ئەی دۆست، مەی لە مەیکرد ئەو ئیشقە بۆیە وا دادی ، دادی دەکات. مەینۆش نەبووم، ئیشقی تۆ گێژاندی سەرم، یاهوو، یاهوو دەکات. لە خانەقای دڵدارانىدا بوومەتە دێوانە و زیکر و تەهلیلە بۆ جەماڵت دەکات. بەلادادێم، گەرچی بە مەی سەرخۆش نیم، روو روخسارت وەك پێکی دەست ساقی، سەما بە چاو و ئەبرۆم

دەکات. مەراقم رژاوە، سەر گەردەنت شەوچەرە بە ماچی لێوانت دەکات. ئایی لە غەریبیم، لە بێکەسیم بەو عومرەوە، تازە بە تازە نیگا، بۆ جووتە لیمۆی سەر سینەی یار دەکات.

لە ئاوێنە دەڕوانم و ئارەزووی بینینی خۆم دەکەم، بەم درەنگانی ژیانەوە بە کۆڵێک حیکایەت و باوەشێک تەنیاییەوە لەخۆم دەڕوانم، ورد دەبمەوە لە سیمای بەجێماوم، دیقەت فڕێ دەدەمە نێو ئاوێنە و روخسارم بە نیگایەك خامۆش دەکەمەوە، تێر تێر تەماشای خۆم دەکەم. بەم ڕوانینەوە، لە تابلۆیەك دەچم کە سکێچەکەی رژابێتە نێو وجوودم، ئەوەندەی ئاوڕ لە خۆم دەدەمەوە تا بیناییم کاڵدەبێتەوە، لەبەردەم ئاوێنە، خۆم دەچێنمەوە تا خۆمێکی دیکە بڕوێت لە نیشتمانێکی سەوز و دەریایەکی پڕ لە ئیشق چرۆ دەربکەم و نەمامی ئومێد، گەڵای ژیان وەك لەولاو گیانم داپۆشێت.

ئازیز گیان، چەند گەورە دەبووم پێڵاوەکانم تەسکتر دەبوون. چەندی ئاشقتردەبووم، دڵم ناسکتر دەبوو. کە گەورەبووم، ئینجا تێگەیشتم نیشتمان پێلاوێکی نەفرەتییە لە پێی جەلادەکان، کە هەراش بووم لەوە گەیشتم دڵ، جوگرافیایەکی تەسکە بۆ ئیشق. لەوەتەی بەری شعورم لێڕواوە

قەیتانی پێڵاوەکەم، زمانی بۆتەوە و پێم دەڵێ، ئازیز وا تێنەگەی بەم دوو پێڵاوە خەنەییەوە شیک دەردەکەویت و ڕێی دڵداری، گوڵ ڕێژکراوە بۆت؟!!. هەرنەخەرەتێی وابزانی، دڵ، لە عانی دڵداری نەبێ، دڵاتی بکات. دڵ، لە دڵدا، دڵداری دەکات، ئەگەر دڵ، بە پێڵاوی تەسک، دڵی نەکوشرێت.

## ڕووی چوارەم

بە یار بڵێن، دڵە خورپەی ماچگرتوومی، نیگام ڕژاوەتە یادەوەری، خەریکە دەبم بە نەورەس و باوەش، بە دەریا دەکەم. پێی بڵێن، دوا نیگای ئەم شەوەم، بەو ئاشقانە بۆ بنێرە، کە ئاوازی کەمانجەکانیان، خنکێندراوە بە تەم، بە کزەبای نێو جەنگەکان. بە یار بڵێن بەم درەنگانی ئیشقە بوومەتە دێوانە و حاری عیشق گرتوومی. پێی بڵێن، ئاورێ، نیگایێ، ببارێنە، با لە دڵۆپ، دڵۆپی وەرزی ئەم داباریندەدا دڵم چرۆ بکات و گەڵای ماچ بگرێت. بە یار بڵێن لە نێو ئەم دوو تابلۆیەدا سەما وشکی کردووم. دوا پێکی ئەم دڵداریە، بە ماچی لێوان نەبێت، مەست نابم.

دەمەوێ بە چاوی گومانەوە بنوارم،

تا هەموو شتێک وەک خۆی ببینم.

هاوڕێ من و باڵندە کۆچەریەکانی نیشتمان، بە کەناری ئەم دەریایە تێپەڕین، بە کۆڵێک خەونەوە، بە دونیایەك، مەراقەوە، لێرەوە، تێپەڕین. ئەوان، خۆیان و لەتێک ڕۆح بوون، ئێمەش، باوەشێک نیشتمان. لێرەوە، بەم دەریا نەفرەتیە، تێپەڕین و ببووین بە تیکەیەك ترس لە دەمی نەهەنگەکان. بیرەدا تێپەڕین بە تەنیشت ژیانەوە، بە سەبەتەیەك ئومێدەوە لەگەڵ گەنجە حەزشکاوەکانی نیشتمان، بیرەدا تێپەرین و لە ئاهەنگی مرواریەکانا ئەلبوومێک گیانمان سپارت، بە ماسیە چاوزەقەکانی قوڵایی دەریا.

پێموتی ئازیز بە چاوی یەقین چاوت بشۆوە، با بە شێوەیەکی دیکە ژیان ببینیت، وتی: نا، دەمەوێ بە چاوی گومانەوە بنوارم، تا هەموو شتێک وەك خۆی ببینم.

دەزانی ئازیز قاتیلی نەفسە، ئەوەی پەروانە، بۆ چرا ئەدای دەکات. سۆزی ئیشقە، ئەوەی هەنگ بۆ شانەی ئیجرا دەکات. ئەوجی ڕێزە، ئەوەی سێبەر بۆ هەتاوی بەیان دەکات. ئەی یاقووت و مەرجانی دەریای ئەوینم، دڵی مەجنوونم، قابیلە بۆ ڕۆحی لەیلات لەوەی پەروانە، کەمتر فیدا بکات.

بیرتە ئازیز پێمدەگوتی: لە تەنیشت ژیانەوە ژنێکم بینی، لە نەسلی ئاو، قوڵ، قوڵ. ژنێکم بینی، لە ڕەنگی باران، تەڕ، تەڕ. ژنێکم بینی، لە جنسی با، ڕووت، ڕووت. ژنێکم بینی، لە داری سێو، مزر، مزر. ژنێکم بینی، لە ڕەگی مەی، مەست، مەست. ژنێکم بینی، پەراسووەکانی، ببون بە پیاو. لەوەتەی فامم کردووە، ژن دەبینم. لەوەتەی ژن دەبینم، فاممکردووە.

هاوڕێ خۆزیا، دڵیش دڵێکی هەبوایە بۆ ئەوین، ئەوسا، دڵ تێدەگەیشت ئیشق چ ئاهێکی هەیە. خۆزیا، چاویش، چاوێکی هەبوایە بۆ بینین، ئەوسا، لەوەدەگەیشت، جوانیت چ سیحرێکی هەیە. خۆزیا، لێو، دوو لێوانی هەبوایە بۆ ماچ، ئەوسا، دەیزانی ماچ لای دڵداران، چ قەدرێکی هەیە.

ئازیز گیان بەنیازبووم دوو لەو نامانەی بۆت ناردبووم، بە پۆست بۆتی ڕەوانکەمەوە، نامەی یەکەم، هی سەرەتای ناسینمانە و ئەوەی دوەمیش، کە جێم هێشتی، بەڵام پەشیمان بوومەوە، بڕیامدا هەردوو نامەکە پۆست بکەم بۆ هاوسەرە تازەکەت، نەك بۆ شکاندنەوەی تۆ، بۆ ئەوەی تێبگە چ دڵێکی جوان و ئەشقێکی پاکت هەیە، دەمەوێ پێی بڵێم لەمەوە فێرە ژیان و لەزەتەکانی ئیشق دەبیت. ئەم شەو دەمەوێ نەخەوم ئارەزووی تەماشا، خەریکە

دەمهاڕێت. کات چارەکی ژیانە و چاوم لاربۆتەوە ئەو دیوی نیگا، چەندی دەکەم شەرم لەو هەموو حەوسەلەیەی، شەو دەکەم، کە بۆ ئەم بێ خەویەی من هەیەتی. لە ناچارییدا، بێ شک ئەویش لەوە زیاتر بەدیار تەماشاکانی منەوە دانانیشێت.

پێم وتیت ئازیز گیان، کە رۆیشتی ئاوێنەکەت لایمن جێبهێڵە، تا لە رۆشنایی نوری دیدەنت، بێ بەش نەبێ، دڵ و چاوی پەرێشانم. پێم وتیت، کە رۆیشتی ئاوێنەکەت لە نزیک کەناری تامەزرۆییم دابنێ، دەمەوێت روخسارت بۆ هەمیشە لامبێت تا دوا نیگات، بڕوێنم لە ناو باخچەی ئەوینم، بەڵکو ئەوە خوایە، ئیدی دەبیت بە نەمام و خونچە دەگریت. بۆ ئەوەی وێنەی رەنگینی تۆ، هەمشە لە ناو چاومدا بدرەوشێتەوە.

هاوڕێ بیرم دێ، ١ نامە، کە یار بۆی ناردم، تەمەنم ١٦ساڵ بوو، نامەکە ١٢دێڕبوو، ناوی منی ١٨ جار هێنابوو، لە ٣ شوێن ناومی خستبووە ناو ئینجانەیەکی لە شێوەی دڵ، بە ٤ رەنگ، رەنگی کردبووشین، پەمەیی، نارنجی و سور. خۆشەویستەکەم کەی بۆ تۆ دەبم لە ٧مین سەتر داینابوو، وەسفێکی جوانی ئەشقی کردبوو پێم وابێت لە رۆمانێکی شێرزاد حەسەن وەری گرتبوو،

ئەشق لە بارانێکی تەڕ دەچێ، شەونمی لیدەتکێ لێوت خونچەی ماچی گرتووە، بالآت شکۆفەی داوە و چاوت لە هەنگوین و سیمات لە مەرجان و یاقوت دەچێت، ئەمەشی بۆ ناردبووم، پێموابێت ئەمە نامەی کوڕانە ، کە بۆ کچان دەینێرن. چونکە کچ بەم شێوەیە وەسفی کوڕ ناکات؟!!!. دڵنیام ئەمەشی وەرگرتبوو، ئەم یارە دڵشیرینەم تەمەن ١٥ ساڵ لە ژیانی ٢ نامەی بۆ ناردووم، نامەی یەکەم ٢١ جاران خوێندمەوە، خەنی دەبووم پێیانەوە. نامەی دووەم، ٢١جار هەوڵمدا نەیخوێنمەوە.

بەیانی زوو، پێش ئەوەی روخسارم بە ئاوێنە شادبێت، پەنجە دەنێم بە هەناسەی هەتاو و گوێ لە ترپەی دڵی خۆر دەگرم. قومێک تامەزرۆیی، دەخەمە سەر لێوانم و نوێژێکی تاڵ، لەگەڵ نەوڕەسەکانی کەناری یئس دەخۆمەوە.

ئەی دۆست ئەم بەیانیە، بە دوو قۆڵی، من و فەریزەکانی نیشتمان، دەستێ جلی جوانی بێدەنگی دەپۆشین و لەسەر شەقامی سیروان، شیک، شیک رادەوەستین. بە نیگایەکی لێڵەوە، لە گازینۆکەی خەیام دەڕوانین و یاریەکی دۆستانەی بلیاردیش، هەر بۆ خۆشی لەسەر جەستەی پڕ شکۆی ئیبن مستەوفی دەکەین و دەنگ ، دەنگ تەسبێحە هەنجن بە هەنجن بوەکەی قەڵا کۆدەکەینەوە.

خوایە،

بمتوێنەوە و

جارێکی دیکە

بمشێلە و خەڵقمکەوە،

بە مرۆڤ نا؟!!. لێگەڕێ،

خۆم خۆم دروستکەمەوە.

دەمەوێت، ببم بە مەل، بە نەوڕەس،

تا رۆحی کۆچەریەکان،

بەتەنیشت ژیانەوە

بە ئارامی بگەینمە،

ئەو دیوی دەریای چارەنووس.